# ژنێک هەشت ساڵ زیندانی دەکرێ

ئا: گەرمیانی

زۆرن ئەو مرۆڤانەی دڵڕەق و بێ ویژدانن و زەڕەیەك سۆز ومیهر و بەزەیی لە دڵەکانیاندا نییە، لە چەشنی ئەو جەلادانەی کە لە گرتووخانەکانی سەردەمی رژێمی گۆڕبە گۆڕی بەعسدا چۆن ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکیاندەدا و بە هاوار و ناڵە و نرکەی ئەو خەڵکە پێدەکەنین و چێژیان وەردەگرت. بەڵام ئەو مرۆڤە دڕندە و دڵ بەردینانە راستە بەرامبەر خەڵکی تر وابوون، بەڵام لەوانەیە بۆ منداڵی خۆیان بە سۆز بووبن، خۆ تەنانەت دەکرێ ئێمە نموونەکەمان جێبەجێ بکەین بەسەر ئاژەڵە دڕندەکانیشدا ئەوەتا زۆر کەڕەت دەبینین کە ئەو پڵینگە دڕندانەی کە بەدوای مامزەکان دەکەون و بە ددانە تیژەکانیان شەت و پەت و پارچە پارچەیان دەکەن.... کەچی هەر ئەو پڵینگە دڕندانە.... بەرامبەر بێچووەکانی خۆیان وەك مەرهەم وان و بەنەرمترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن ئەی کەوابێ مرۆڤ کە بایەخدارترین بوونەوەری سەر زەوییە،.. چۆن دەتوانێ و زاتی ئەوە دەکات کە جگەرگۆشەکەی خۆی ئەشکەنجە بدات، وەك بەسەرهاتی ئەو ژنەی کە چۆن دوای ئەوەی دووجار مێرد دەکات بەڵام چانس و بەختی نایهێنێ و هەردوو پیاوەکە تەڵاقی دەدەن، جا باوکی ئەم ژنە لە سزای ئەوەی کە کچەکەی بەلای پیاوەوە دانانیشێ، لە ناو ماڵداو بە نهێنی زیندانی دەکات....

ئەوەبوو پاش هەشت ساڵان زیندانی و ژیانی تاریکستان. ئینجا ئاشکرا دەبێت کە ئەو پیاوە دڵ رەقە کچەکەی خۆی خستۆتە زیندانەوە.. ئا لێرەوە تەواوی ووردەکارییەکانی ئەو رووداوەکە باس دەکەین کە مرۆڤ لە بیستنیدا سەری سوڕدەمێنێ کە چۆن باوکێك ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەییانە کچەکەی خۆی زیندانی کردووە.



## باوکێکی دڵڕەق

رووخۆش ناوی ئەو کچە بەســـتەزمانەیە کە هێشتا تەمەنی نەگەیشـــتبووە حەوت ســـاڵان دایکی بە نەخۆشی سەر ئێشە واتە ژانە ســـەر کۆچی دوایی کرد ئەوەبوو بە مردنی دایکی، رووخۆش ئیتر بێ چارە و سەر لێشێواو مایەوە، ئەم کچە جگە لە خۆی دوو براشی هەبوون، کە هەردووکیان لە خۆی گەورەتر بـــوون باوکی رووخۆش تابڵێـــی پیاوێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو هەرگیز رۆژێ لە رۆژان قســـەیەکی خۆشی لەگەڵ ئەو تاقە کچەیەدا نەدەکرد و پێی وابوو پیاو ئەگەر پیاوبێت عەیبە و نەنگیـــە گرنگی بە کچ بدات، بەڵام ئەو پیاوە دڵ رەقە کە ناوی (قـــادر) بوو بە پێچەوانـــەی کچەکەیەوە زۆر گرنگی و بایەخێکی زۆری بۆ کورەکانی دا دەنا.. و هەرچی داخوازیان هەبوایـــە جێبەجێ دەکـــرد بۆیان، بەڵام لە ئاســـت ئەو کچە بەســـتەزمانەدا دڵی وەك بەرد وابوو ساڵی جارێك جلوبەرگی تازەی بۆ دەکرد، هێشتاش بۆڵە بۆڵی دەکردە سەر ئەو رووخۆشە داماوە، و دەیگوت بە خودا هەرچییەکت بۆ بکەم، بە خەســـار دەچێـــت، چونکە تۆ کچی و کچیش قـــەت خێری بۆ دایك و باوك نییە، ســـبەینێ بۆخۆت شـــوو دەکەیت و پەنجەیەکی مێردەکەت بەمنو براکانت ناگۆڕیتەوە رووخۆشیش کە گوێی لەم قسانە دەبوو کە باوکی چەند دڵڕەقانە ئیهانەی دەکرد زۆر دەگریا و هەمو جارێك لای (بەسیرە) خانی دراوسێیان گلەیی لـــە باوکی دەکرد کە چەنـــدە ئەزیەتی دەروونی دەدات، ئا بەم دەردەســـەریە رۆژەکانی ساڵ هاتن و رۆیشتن، رووخۆش هێشتا تەمەنی پازدە ساڵی تەواو نەکردبوو.

قادری باوکی بەهۆی ئەوەی کەڵکەڵەی ژن هێنان کەوتبووە مێشکییەوە، بەبێ ئەوەی پرس بە رووخۆشی داماو بکات، هەستا دای بە ژنێك بۆ خۆی، کە ئەو ژنە ناوی (سەکینە)بوو تەمەنی ٣٧ ســـاڵ دەبوو گەورە کچ بوو، براکەشی کە رووخۆشیان پێدا تەمەنی ٤١ ســـاڵ دەبوو (سەکینە) سەکینەیەکی باش نەبوو، بۆیە لە ماڵە باوکیدا ســـەری ســـپی کردبوو، هەر وەك خەڵك باســـیان دەکرد لە کاتی خۆیدا رەدووی کورێکی خزمی خۆی کەوتبوو... بەڵام دواتر دەیانگرن و خاڵۆکانی سەکینە ئەو کورە دەکوژن کە ســـەکینەی هەڵگرتبوو بـــەڵام قادری ناپاك لەبەر ئەوەی پیاوێکی ژن مردوو بوو گوێی لەوە نەبوو کە رەوشـــتی سەکینە باشـــە یان خراپە بەڵکو قادر تەنیا شێتی جوانیەکەی ببوو، لەم لاشەوە رووخۆشی بەستەزمان کە شووی بە فاتیحی برای سەکینە کرد ئەو پیاوەی کە ٢٦ ساڵان لە خۆی گەورەتر بوو، ئـــەو فاتیحەش وەك قادری باوکـــی مامەڵەی لەگەڵ رووخۆشـــدا دەکرد، رۆژ نەبوو رووخـــۆش تێهەڵدان نەخوات بە دەســـتی فاتیح کە دەشهاتەوە ماڵی باوکی قادری بێ ویژدان، ئەوەندەی تر لێدەدا و بەسەروچاوی مۆوشینەوە دەینارەدەوە لای فاتیح، ئەوەبوو لە ماوەی ســـێ مانگدا زیاتر لە هەشت جاران ئەو رووخۆشـــە تۆرا، تا ئەوەی لـــە کۆتاییدا فاتیح تەڵاقیدا، بەڵام ســـەکینە راســـتە بە ژن بە ژنی هاتبوو بەڵام وازی لە قادری نەهێنا چونکە دەیزانی ئەگەر خۆی بە تەڵاقدان بدات لە ژیانیدا جارێکی تر پیاوی وەدەست ناکەوێ.

## مێردکردنی دووەم

دوای ئـــەوەی رووخۆش تەڵاقی خۆی وەرگرت و هاتەوە ماڵی باوکی و کەوتە بندەستی باوەژنەوە،، ئیتر بە یەکجاری ژیانی شێواو یەکپارچە کەوتە ناو دۆزەخەوە،، چونکە باوکی بە جیا ئیهانەی دەکرد و باوەژن لێیدەدا و شـــەڕی دەروونی لەگەڵ دەکرد، براکانیشـــی بە هەمان شێوە ئازاریان دەدا، تا ئـــەوەی قادری دڵبەردین بۆ جاری دووەم پیاوێکی تری بۆ دۆزیەوە، بەڵام ئەم پیاوەش پێشـــتر ژنێکی تری تەڵاقدابوو، رووخۆش بۆ جاری دووەم شووی بەو پیاوە کرد، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا نەدەحەوایەوە چونکە ئەو پیاوە زۆر رەزیل و قرچۆك بوو بە چەشنێك دینارێك دایکی بوو دینارێکیش باوکی بوو، هەر شتێك لەو ماڵەدا برژایە، بشکایە، ئەو پیاوە تێرو پڕ لە رووخۆشی دەدا و دەینارەدەوە ماڵی باوکی.. قادریش هەموو جارێك کە رووخـــۆش بتۆرابایە، بە پارە دەیدایەوە پیاوەکەی جارێك و دووان ســـێیان پیاوەکە لە رووخۆش زۆر بێزاربوو لە جـــاری ئاخیر کە رووخۆش تۆرا، ئیتر نەچوو بە شـــوێنیدا چونکە دەیزانـــی قادری باوکی رووخۆش داوای پارەی لێ دەکات بۆیـــە ئەمجارەیان کەقادر زانی فاتیح جارێکی تر بە شوێن رووخۆشدا نایەتەوە و بە پارە سمێڵی چەور ناکاتەوە، بۆیـــە بریاریدا هـــەر خۆی بە زەبری لێـــدان و ئیهانەکردن رووخۆش بنێرێتەوە لای فاتیح بەڵام رووخۆشـــی داماو کە نایەوێ جارێکی تر سەروسیمای ئەو پیاوە رەزیلە ببینێتەوە، بۆیـــە بە ناچاری لە زوڵمی باوك و باوەژن رادەکات و خۆی لە ماڵی خزمێکیدا دەشـــارێتەوە، تاکـــو جارێکی تر باوکی رەوانـــەی لای فاتیحی نەکاتەوە بەڵام باوك وبراکانی دوای ئـــەوەی هەفتەیەك بە دوایدا دەگەرێن لەو ماڵە دەیدۆزنەوە، ئەوان پێیان وایە کە رووخۆش رەدووکەوتووە کە لەو ماڵەشدا دەیدۆزنـــەوە هەر بڕوا بەوە ناکەن کە ئەو ئافرەتە لە ترســـی گەرانەوە بۆ لای پیاوەکەی خۆی حەشارداوە.

## زیندانیکردنی

دوای ئەوەی قادری زاڵم رووخۆشی کچی دەبینێتەوە لە ترســـی ئەوەی نەبادا بڕوات و ماڵ جێبهێڵێ، بە زنجیرێك دەیبەســـتێتەوە بە پەنجەرەی هۆدەکەوە، تـــا هەفتەیەك بە هەموویان ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن کە لەو هەفتەیەدا لە کوێ بووە و بۆچی ماڵی بە جێهێشتووە.

ئەویـــش واتە رووخۆش هەزار ســـوێندیان بۆ دەخوات کە ئەو هیچ نیازێکی خراپی نەبووە، لەو رۆیشـــتنە، تەنیا ئەوە نەبێت کە نایەوێ جارێکی تر بچێتەوە لای مێردەکەی، قادر و هەردوو کورەکەی لە ســـەرەتاوە بریار دەدەن کە رووخۆش بکوژن، بـــەڵام دواتر بۆیان روون دەبێتەوە، ئەو ئافرەتە هیچ نیازێکی خراپی نەبووە لە رۆیشتنەکەی بۆیە، بریاردەدەن بۆ هەتا هەتایە، بە نهێنی لە نێوماڵدا زیندانی بکەن و شەڕی دەروونـــی لەگەڵدا بکەن تاکو جەڵتە لێیبدات و بمرێ ئا بەم شـــێوەیە دوای هەشت ســـاڵ زیندانی و ئەشکەنجە و ئازار ئینجـــا بۆ خەڵکی گەرەك دەرکەوت کە رووخۆش زیندانی کراوە، چونکە پێشـــتر باوك و بـــاوە ژن و براکانی رووخۆش

●●●
**باوك و براکانی دوای ئەوەی لە تواڵێتێکی لابەلاو وتاریکی ماڵەوە رووخۆش زیندان دەکەن، لەلای جیران و خزمەکانیان دەڵێن مێردی بە پیاوێك کردۆتەوە و چووە بۆ ئێران**
●●●



وایان لــە خەڵکی کۆڵان و خزم و کەسەکان تێیگەیاندووە کــە رووخــۆش مێردی بە پیاوێك کـــردووە و چووە بۆ ئێران.

بەڵام دوای هەشت ساڵان زیندانی، رۆژێکیان (حاجی محەمەد) کە دراوسێی ئەو ماڵەیە دەچێتە میوانیان کە هەر دەچێتە ژوورەوە دەنگی ناڵــە و هـــاوار و گریانی ئافرەتێك دەبیســـتێ، حاجی محەمەد دەڵێت:

ئەرێ ئەو دەنگە چییە کێیە وا دەگریێت و دەنووزێتەوە؟ قادری زاڵمیش دەڵێت هیچ نییە حاجــی بفەرموو وەرە دانیشە، حاجی محەمەد کە دەگەڕێتەوە ماڵ ئەو شەوە هەتا بەیانی خەو لە چاوانی ناکەوێ بـــۆ بەیانییەکەی بە دزییەوە خەبەری پۆلیس دەدات و دەڵێت:

مــن گومانم لــەو ماڵە هەیە بچن بیپشکنن، بزانن لەوێدا چی هەیە، کە مەفرەزەی پۆلیـــس دەچنـــە ژوورەوە و هەموو شـــوێنەکانی خانووەکە دەگەڕێن، ئـــەو ژوورە بچوکە دەبیننەوە کە رووخۆش تیایدا بەند کرابوو دەرگاکەی دەشـــکێنن، دەبینن وا ژنێکی لە روو و لاواز و رەنـــگ زەرد و بێ تاقەت خۆی گڕ مۆڵەداوە لە ســـەرمان، یەکسەرە بە دوو کەس بن باڵی دەگرن و دەیهێننە دەرەوە.

**WCیان زیندان**

دڵرەقی قادر و کورەکانی گەیشـــتبووە ئاســـتێك کە دڵیان نەهاتبوو ئەو کچە بەســـتەزمانە کـــە تەنانەت وەك مرۆڤ لە ژوورێکی ئاسـاییدا بەند بکەن... چونکە ئەو شـــوێنەی کە رووخۆشـــیان تیـــا زیندانی کردبوو تەنانـــەت حەمامیش نەبـــوو چونکە هیـــچ وەســـائیلێکی حەمامی تیـــادا نەبوو بەڵکو لە ئاو دەســـت و ســـەر ســـۆرك دەچوو کە ژوورێکی ١,٥م +م یـــەك دەلاقەیەکی بچوکی تیایدا بوو هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکـــی وەك ئاووکارە بـــاو رووناکی تیادا نەبوو، مرۆڤ نەیدەتوانی یـــەك خولەك لەو ژوورەدا خۆی راگرێت، و کاس دەبوولـــە بۆنی میزوپیســـایی، چونکە هەر ئەو ژوورە شـــوێنی خواردن و خەوتـــن و توالێتی رووخـــۆش بوو، ئەو ژوورە پیســـە لە دیوی دەرەوە قوفڵێکی گەورەی پێوە بوو کە دادەخرا، ناو ژوورەکە بە گەچێکی رزیوە داپۆشرابوو لە هەندێ شوێنیشـــدا درزی نێوان بلۆکەکان بە دەرەوە بوو، کە لە هاویندا دۆزەخ بـــوو لە زستانیشـــدا تەنیا یەك بەتانیەکی تەنکی لابووە لە هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، نە سۆپای هەبوو، لە زســـتان و نەفینکی هەبووە لە هاوینـــدا، بەڵکو لە کونی بلۆکەکانـــەوە سیســـرکە و مێروولە هاتووچۆیان دەکرد، رووخۆش دەڵێت:

تەنیا لـــە وەرزی هاویندا جار جارە تەلەفزیۆنم دەبینی ئەویـــش لـــە رێگـــەی ئەو دەلاقەیەی لە ژوورەکەدا هەبوو ســـەیری هەواڵەکان و فیلمم دەکرد، بەڵام کەپایز دادەهات تەلەفزیۆنەکەیـــان دەبـــردە ژوورەوە، ئیتـــر شـــەو و رۆژ لە ناو تاریکـــی ئەو ژوورەدا ژیانم دەبردە ســـەر، رۆژانەش یەك ژەم نانیان پێداوم، هەموو شـــەوێك لـــە برســـان خەوم لێنەدەکەوت ئەوان ویســـتیان بمکوژن، لە هاویندا زۆر جار لەبەر تینوویەتی دەبوورامەوە، و پاش چەند کاتژمێرێك ئینجا وەخەبەر دەهاتمەوە.

رووخـــۆش خۆی کچێکی باڵا بەرزە بـــەڵام کە لە زیندان هاتۆتە دەرەوە پشتی کورپۆتەوە چونکە بە درێژایی ئەو هەشت ســـاڵە نەیتوانیووە بە درێژای باڵای خۆی لە نێو ئەو ژوورەدا بنوێت چونکە درێـــژی باڵای لە درێژی ژوورەکە زیاتر بووە، هەر وەك خـــۆی گوتویەتی لە وەرزی زســـتاندا ئاوی باران هاتۆتە ژوورەوە، و هەتا بەیانی لە نێو تەرەشووع وئاوی باراندا ئشـــکی گرتووە و خەوی لێ نەکەوتووە، هەر بۆیە نیشانەی چەندین نەخۆشی پێوە دیارە.

رووخۆش دوای ئەوەی لـــەو زیندانە دەردەهێنرێ لە رووی پزیشـــکی و دەروونیەوە چارەسەری بۆ دەکرێت، دەبرێتە ماڵی خزمێکی.. بەڵام قادری باوکی و هەردوو براکەی رازی نابن و دەڵێن دەبێت بگەڕێتەوە لای خۆمان چونکە ئەو شێتە نابێت بەرەڵا بکرێت.

دوایی ئابڕومان دەچێت و لەلایەن پیاوە خراپانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر.

بۆیە کە رووخۆش هەســـت بەوە دەکات کە باوك و براکانی دیسانەوە دەیبەنەوە بۆ زیندانی هەتا هەتایی لە نیوە شەوێکی تاریکـــدا ماڵی ئەو خزمەی خۆی بەجـــێ دەهێڵێ و بەرەو شوێنێکی نادیار ســـەری خۆی هەڵدەگرێت، تاکو ئێستاکەش کـــەس نازانی ئەو ژنە بۆ کوێ رۆیشـــتووە و چی بەســـەر هاتووە.

●●●
**روو خۆش چونکە بە ئارەزووی خۆی مێردی نەکردبوو دووچار تەلاقدرا**
●●●



# ناکۆکی ناو خێزان
# فاکتەری بەرهەمهێنانی تاکێکی شەرانگیزە

***پێگەی خێزان، بەهاترین پێگەیە بۆ پێگەیاندنی تاکی تەندروست بۆ خودی خێزان و دواتریش بۆ کۆمەڵگە، بەڵام دەبینین ئـــەم پێگەیە زۆر جار وەك پێویســـت نیە و لەچەند ڕەهەندێکەوە گرنگی تـــەواوی پێنادرێت. پەیوەندی نێوان دایك و باوك لەم ڕووەوە دەتوانرێت وەك خاڵێکی سەرەکی لێی بڕوانرێت، چەندێك ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای لێبوردن و دروست بوبێت ئەوەندە پتەوی خۆی دەپارێزێت بەڵام کاتێك ئەم پەیوەندییە بەرەو لاوازی دەڕوات و کێشـــەو گرفت دەکەوێتە نێوانیان، چەندین جار بۆ چارەسەرکردن پەنا دەبەنە بەر شەڕانگێزی و بە نائاگایی کار لەم چەمکەدا دەکەن و بەبێ ئاگاییانەش بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە و ڕاستەوخۆ لەهەموو ڕەهەندەکانەوە کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر منداڵ دروست دەکات.***

**ســـەبارەت بەم تەوەرە ســـەرەتا بەڕێز مامۆستا ئومێد محمد دەڵێت:** جیهانی منـــاڵ، جیهانێکی پاکو بێگەردە کەواتە چی تۆمار بێت لەو جیهانـــەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەژیاندا کاتێك منداڵ لەناو خێزاندا هەست بە ئاژاوەو ناخۆشی دەکات لەنێوان باوك و دایکیـــدا ئەو جیهانە بێگەردەی وەکو خۆی نامێنێتەوە و پـــڕ دەبێت لە لێکدانەوە و پرســـیار لەخۆ کردن لەدەوروبەر تا دەگاتە ئەوەی کە ئەویش دەست بکات بە قسەو کرداری ناجۆرو لەئەنجامدا ئەم منداڵە کەســـێتییەکی نادروستی لێدروستدەبێت و زەرەری بـــۆ خۆی و خێزانەکـــەی و کۆمەڵگاکەی دەبێت. کاریگـــەری شـــەڕانگێزبوونی منـــداڵ هەر لـــەو تەمەنەوە دەردەکەوێت و دەبێت بە بەشـــێك لە ئاکاری و ناتوانێت لەهیچ ڕاوبۆچونێکدا بۆچوونی ڕەهای هەبێت، لەســـادەترین کێشەدا تووشی حاڵەتێکی دەروونی دژوار دەبێتەوە و تادەگاتە حاڵەتی هەڵچـــوون، کە ئەمەش دوا پلەی تووڕەبوونە، بۆیە دەبێت دایك و باوك و سەرجەم ئەندامانی خێزان هۆشیاربن لەبەرامبەر هەر وتەو ڕەفتارێك کە دەیکەن لەبەرچاوی منداڵەکانیاندا.

ـ لەخێزانـــدا کاتێك شـــەڕانگێزی بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەرجەستە دەبێت دەبینین منداڵ بۆ هێورکردنەوەی ئەو حاڵەتە پەنا بۆ یەکێك لەدایك یان باوك دەبات تا بتوانێت ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە ئەگەر لەتوانایدا بێت.

**خاتوو (جوان عەبدوڵا)ی پارێزەر بۆچونی وایە کە دەڵێت:**

شـــەڕانگێزی خێزان کاتێك لەنێوان دایك و باوکدا بەرجەستە دەبێـــت هەمان ئەو شـــەڕانگێزییە لەســـەر بۆچوونی منداڵ فۆرمۆڵە دەبێت و کاری لێدەکات بەم شێوەیە فەنتازیای وێنەی خێزان بە ئاڵۆزی لای مناڵ دروست دەبێت.

کاتێـــك یەکەم دیمـــەن و دووبارەبوونـــەوەی هەمان دیمەنی شەڕانگێزی لەنێوان دایك و باوك لای منداڵ دەبینرێت جۆرێك لەتێکشـــکاوی پەیوەندی دایك و باوکی بۆ دەردەکەوێت، بۆیە منـــداڵ ناچار دەبێت هەوڵبدات بەپێـــی لێهاتوویی و زیرەکی خۆی هەوڵێك بۆ چارەســـەرکردنی ئەم شەڕانگێزیە بدۆزێتەوە، دەبینیـــن ناچار دەبێت وەك ناوبژیوانێـــك ڕۆڵ ببینێت، ئەگەر نەیتوانی پەنا بۆ دروســـت کردنـــی پەیوەندیەکی پتەو دەبات بۆ یەکێکیان، دایك یـــان باوك تابتوانێت بەهاوکاری یەکێکیان کاریگەری لەســـەری ئەوی تر دروســـت بکات، لەم خاڵەشدا بێگومـــان هەندێك ڕەفتارو ئاکار وەردەگرێت کە وەك بناغەیەك تیایدا فێری شـــەڕانگێزی دەبێت چونکـــە لایەنەکەی تر جا دایك بێ یان باوك ئەگەر هەوڵی چارەســـەرکردنی نەدات ئەوا ئەم منداڵە بە پاڵپشـــتی یەکێك لەدایـــك یان باوك بەرنامە بۆ توندترین شـــێوازی توندوتیژی دادەنێـــت بێگومان ئەمانەش هەمووی لەزهن و بیری منداڵـــدا جێدەمێنێت وبە تێپەڕبوونی

کات و تەمەن تاکێکی تەواو شـــەڕانگێزی لێدروست دەبێت کە ناتوانرێت بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت.

-هەموو وتە و وێنەیەك لای منداڵ جێگای سەرسورمان و پرسیار کردن دەبێت و بەپێی توانای خۆی هەوڵدەدات وەڵام بۆ سەرجەمیان بدۆزێتەوە، بەهەمان شێوە بەڕێز:

**(هێمن محمود)ی ڕۆژنامەنووسیش پێی وایە:**

جـــۆری بیرکردنەوەی منداڵ، جۆرێکـــی تایبەت بە خۆی وەردەگرێـــت و ناتوانرێت لەو تەمەندا ســـنورێکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت هەروەك دەبینرێت لەو تەمەنەدا کۆمەڵێك پرســـیار گەڵاڵە دەکات لای خۆی کە زۆرێك لە دەرونناسان پێیان وایە کە دەبێت ئەو پرســـیارانە زۆر بـــە ئاگایانە وەڵامیان بدرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە تووشـــی هەڵە نەبێت، بەڵام ڕێدەکەوێت لەخێزانـــدا لەبەرچاوی منداڵدا بەبێ ئەوەی ئەو دایك و باوکە هیچ حســـابێك بۆ ئـــەو منداڵە بکەن چەندین وشـــەو وتەی نابەجـــێ بەرامبەر بەیەکتر بەکاردەهێنن و زۆرجار ئەو وشـــانە ئەوەندە بەکاردەهێنرێت کە حاڵەتێکی ئاسایی وەردەگرێت، بۆیە پێویستە دایك وباوك بەئاگابن لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان و هەمیشە لەبیری پەروەردەکردنێکی دروست بن. کاتێك ناخۆشی و کێشەیەك دەکەوێتە نێوان دایك وباوك، منداڵ هەروەك ئاماژەم پێدا کۆمەڵێك پرسیار سەبارەت بەو شەڕانگێزیەلای دروست دەبێت و هەوڵدەدات هۆکارەکانی بدۆزێتەوە، منداڵیش خۆنەویســـتانە ئەو شەڕانگێزیەی تیادا دروست دەبێت و لەخۆیدا بەرجەستەی دەکات. بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەو ئاکاری دەردەکەوێت و کاریگەری خراپی بۆســـەر خودی تاك و خێزان دروســـت دەکات. تاکە چارەســـەر بۆ دروست نەبوونی شـــەڕانگێزی لای منداڵ بەرزی ئاستی رۆشنبیری دایك و باوکە کەبەهای ســـەرەکی خۆی هەیە. چونکە رۆشنبیربوون وادەکات هەموو کێشـــەو گرفتێك بە ساناترین شێواز چارەسەر بکرێت نەك لەرێگەی شەڕوناخۆشییەوە.

هەریەك لـــە کۆمەڵگەکان خـــاوەن کلتورێکی تایبەت بە خۆیانن، نەریتی کۆمەڵگەش لەهەموو رەهەندەکانەوە کاریگەری خۆی هەیە و زۆر جـــار تاکەکان لەرووی بیرکردنەوەوە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، کاتێك تاك لە خێزان دەردەچێت و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت ئەم دەسەڵاتەی بەسەردا دەسەپێت،

**هەروەك (مامۆستا رابەر) دەڵێت:**

دایك و باوك هەمیشـــە ســـەرەتا بوونە بۆ دروست بوونی هەرجۆرە کلتورێك کەلەســـەرەتاوە لەخێزانەوە دروست دەبێت و پاشـــان فراوان دەبێت. بەڵام ئەم فروانبوونە بەشێوەی بەرچاو رەنگدانەوەی نابێت لەسەر ئاستی گشتی، بەڵکو تاك لەبەشە جیاجیاکاندا بەشـــێوەی توانای خۆی ئەو رۆڵەی پێدەبینێ ئەگەرچی ژینگـــەو کۆمەڵگەش رۆڵی ئەکتیڤی دەبێت لە گۆڕینی هەرجۆرە کلتورێك (لێبوردەیی یان شـــەڕانگێزی) بێ. لەرویەکی دیکەوە هێندەی ژینگەو پێگەی جۆراوجۆر فاکتەری دروستبوونی چەمکی شەڕانگێزی و توندوتیژییە، خێـــزان و کۆمەڵگەش نـــەك هەر فاکتەرنین بۆ دروســـت بوونی، بەڵکو زۆر بە توندیش بەرپەرچی دەدەنەوە وەك ئەو توندوتیژییانەی لەسەر دەستی (تاك و گروپ و رێکخراو) دروست دەبن بەمەبەســـتی جیاجیا، لێرەدا توندوتیژی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە ئامانجەکەی بەنادیاری دەمێنێتەوە، دەکرێت ئەم چەمکە تەریب بکرێت بەئاراستەی شەڕانگێزی و جیا بکرێتەوە، شەڕانگێزی و توندوتیژی بەرامبەر بەچی ولە چ ئاستێکدا....؟ زۆرجار ئەم چەمکانە دەگاتە دەوڵەتی زلهێزیش!

بۆ قسە کردن لەسەر ئەم تەوەرە، دەروونناسان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکـــەن و راوبۆچوونـــی تایبەتیان هەیە، لەم بارەیەشەوە **خاتوو (خەندە عەلی)ی دەروونناس دەڵێت:**

لەســـەرەتادا لایەنی دەروونی وەکو هەموو لایەنەکانی تر کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان چونکـــە ئەگەر ئێمە کەســـێکی تەندروســـت دەروون نەبین ناتوانین وەکو پێویســـت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ژینگە و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژین، لایەنی دەروونی کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر لایەنی کەســـایەتیمان هەروەکو فرۆید دەڵێت: باڵانســـێك دروست دەبێت لەنێوان هەرسێ لایەنەکەی کەسایەتی کە بریتین لە (Id،Ego،Super ego) کە بەتەواوەتی دەتوانین کۆنترۆڵی کەســـایەتیمان بکەین کە ئەو باڵانسە دروست بوو بەدڵنیاییەوە لایەنی دەروونی کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر لایەنەکانی تر.


هـــەروەك فرۆید زانای دەرونناســـی دەڵێت پێنج ســـاڵی



یەکەمی منداڵ بناغەی دروست بوونی کەسایەتی و هەموو رەفتارەکانـــی تایبەت بە خۆیەتـــی، هەربۆیە ماڵەوە یەکەم قوتابخانەیـــە کە تێیدا منداڵ فێری هەموو رەفتارێك دەبێت و کاریگەری خۆی هەیە لەســـەر منـــداڵ بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، هەربۆیە شـــەڕو ئـــاژاوەش وەکو هەموو رەفتارە خراپەکان پاشـــماوەی خۆی بەجـــێ دەهێڵێت لای منداڵان. کاتێك دایك و باوك شەڕو ئاژاوە دەکەوێتە نێوانیان گەورەترین کاریگەری ســـلبی لای منداڵ بەجێ دەهێڵێت، بە تایبەتی لەتەمەنـــی زۆر منداڵیـــدا چونکە منـــداڵ هەموو جۆرە رەفتارێکیان لـــێ وەردەگرێت هەروەك چـــۆن (جۆن لۆك) دەڵێت :(مێشـــکی منداڵ وەك کاغەزێکی سپی وایە چۆنت راهێنـــا وا گەورە دەبێت) کەواتە منداڵ هەموو رەفتارەکانی کاردانەوەی خێزانەکەیەتی دەتوانین بڵێین دایك و باوك یەکەم مامۆســـتان کە منداڵ لێیانەوە فێر دەبێـــت هەربۆیە دایك و باوك فاکتەری ســـەرەکین. لەرەفتاری منداڵەکانیان ئەو منداڵە دەتوانێت منداڵانی هاوڕێی وەك خۆی شـــەڕانگێزو بەدخوو بکات.

**پارێزەرێک:**
**شەڕو توندوتیژی نێو خێزان کار دەکاتەسەر منداڵ و فۆرمەڵە دەبێ، فەنتازیای وێنەی خێزان بە ئاڵۆزی لای دروست دەبێ**

**دەروونناسێک:**
**رەفتارەکانی منداڵ کاردانەوەی خێزانەکەیەتی، دایک و باوک یەکەم مامۆستای منداڵەکانیانن**



# نەزۆکی پیاو ....

## ژنان چۆن تەماشای دەکەن هۆکارەکانی چین؟

***(نەزۆکی) یان نەزۆك بوون، حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی نەخۆشی وەك هەر دیاردەیەکی تەندروستیش، هۆکارو ڕێگاکانی دەستنیشانکردن و دواجار چارەسەریشی هەیە، دیسان وەکو زۆر نەخۆشی تریش کە چۆن جاران لای خەڵك باسکردنیان مایەی شەرم بووە، وەك نەخۆشییەکانی (موو هەڵوەرین و کەچەڵ بوون ،فێ لێهاتن...هتد) کە لە هەر کەسێك تووشی ببوایە شەرمی پێدەهات خەڵك بیزانیبایە.***

***ئینجا نەزۆك بوونیش بە هەمان شێوەی جاران و ئێستاش ئەو پیاو و ژنانەی کە تووشی بوونە شەرم دەکەن باسی بکەن یان بیزانن، مەگەر ئێستا بە هۆی ناچاری و پێشکەوتنی بواری پزیشکی و تەندروستییەوە دەردەکەیان دەزانرێ و هۆی چوونە لای پزیشکیشیان تاڕادەیەك دەزانرێ .. پرسیارەکە ئەوەیە کە باشە دەبێ هۆی ئەو شەرمە چی بێ، ئایا (نەزۆکی) نەخۆشییەکی هێندە ئاڵۆزە و پەنهانە و نەزاندرێ هۆیەکەی چییە، ئایا چارەسەری ئەو نەخۆشییە ردەرمان و ڕێگاو شێوازی پزیشکی هەیە..؟ لەم ڕیپۆرتاژەدا وڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.***

ئا: باوکی میدیا

لە سەروبەندی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژەدا بووین، بەڕێکەوت لەگەڵ خانمێك دواین کە خۆی ساڵانێك بەر لە ئەمڕۆ کێشەیەکی وەهای هەبوو.

ئەو خانمە کە ناوی (پەخشان عەلی عبدوڵڵا- ٣٨ ساڵ) فەرمانبەرە، سەرەتا کێشەکەی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شوو بە کوڕێکی یەك دووساڵ لە خۆی بچوکتر دەکات، ئەو کوڕە کە دەیخوازێ، دەزانێت کە خۆی نەزۆکە، بەڵام دەیشارێتەوە و پێی ناڵێت لێرەوە پەیوەندی نێوان ژنەکەو ماڵە خەزوورانی لەسەر ئەم مەسەلەیە ساردی تێدەکەوێ، با درێژەی سەرگوشتەکە لە خودی (پەخشان خان) ببیستین و خۆی قسەبکات ...

پەخشان دەڵێت: نزیکەی چواردەساڵە شووم کردووە پیاوەکەم کە بە (م) ناوی دەهێنم، هەرچەندە مێردەکەم ڕێزی دەگرم و کەسێکی تێگەیشتوو و شارستانی و کراوەیە، ڕازیش بوو لەوەی ئەزموونەکانی خۆم لەو بارەیەوە باس بکەم، بەڵام هەر حەزناکەم و ڕازی نابم، بەڕاشکاوی ناوی بڵاوبکرێتەوە، بۆیە بە (م) ئاماژەی بۆ دەکەم، سەرەتا کە مێردم پێکرد، باسی ئەوەی بۆ نەکردم کە ئەوان بە بەرەباب نەزۆکیان هەیە، تەنانەت پیاوەکانیشیان ئەو گرفتە تەندروستییەیان هەیە، پاشان نزیکەی ساڵێك بەسەر هاوسەریمدا ڕەتبوو، جارجار لەم و لەو گوێمان لێ دەبوو، ئەرێ منداڵتان نیە، ئەرێ ئەمە بۆچی منداڵتان نابێ، زۆرێك لەو پرسیارە وروژێنەرو فزولیانە، ساڵی دووەم بەسەر هاوسەریمدا ڕەتبوو، هەر منالْمان نەبوو، لە ساڵی یەکەمدا من ئەم مەسەلەیەم ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام بەڕاستی ساڵی دووەم دەمویست بزانم هۆی کاممانە، ساڵێك و (٩)

مانگ بەسەر هاوسەریماندا ڕۆیشتبوو، ئێواریەك میوانی ماڵی خەســـووم بووم، ئەو ئێوارەیە هەر لەو ساتەوە تا ئێمە هەڵساین و چووینەوە ماڵی خۆمان، خەسووم تەنها باسی منداڵ نەبوونەکەی ئێمەی کرد، ئەمە وایلێکردم کە بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەناوی سەردانی ماڵی باوکم بچمە لای پزیشکێکی ئافرەتان، ئەمە بوو دوای ئەوەی پزیشکەکە بە تەواوەتی منی پشکنی، گوتی: تۆ هیچ خەوش و عەیبێك یا نەخۆشیەکت نیە و ساغ و سەلامەتی، بەڵام پێوستە پیاوەکەت پشـــکنینی بۆ بکرێت چونکە پێدەچێت گرفتەکـــە لەو بێت.. دوای مانگێك وردە وردە هەوڵمدا پیاوەکەم هاندەم بچێتە لای پزیشـــك و خۆی بپشکنێ، تا دواجار توانیم قەناعەتی پێ بێنم و ڕۆژێك چووینە لای پزیشـــکێکی پسپۆڕ، دوای ئەنجامدانی پشکنینی پێوست دەرکەوت هۆی نەزۆکییەکە ئـــەوە من نیم، بەڵام ئومێـــدی چاکبوونەوەی هەبوو، هەرچەندە زۆر کەمیش بوو، بەهەر حاڵ ئیدی من ئاسوودە بووم، لە قسەو قسەڵۆك و تیروتوانجی خەڵکانی دی، بە تایبەتیش خەسووم، ئێمە نزیکەی هەشت ساڵان لەسەر قسەی مێردەکەم ئەو مەسەلەیەمان لەنێوان خۆماندا هێشـــتەوە نەمانهێشت کەس پێی بزانێ، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ فشـــارەکانی خەسووم زیادیان دەکرد ڕۆژێك دیسان باســـەکەی کردەوەو لەناو قســـەکانیدا بوو کە گوتی: کوڕم ئەوە دیارە پەخشـــان نەزۆکە و منداڵی نابێت و ناوی خوای لێ بێنە بـــا وەچاغت ڕوون بێت و بمێنێ، ژنێکی تر بێنەو با منداڵێکتان ببێـــت، با،بە وەچاغ کوێری نەمێنیتەوە. منیش بەڕاســـتی لەو قســـەیە قڵس و توڕە بـــووم، خۆم بۆ نەگیـــرا بەرپەرچم دایەوە گوتی: من هیچ عەیبم نیە، کوڕەکەتان نەزۆکە و منداڵی نابێ، من ئەو ماوە دوورودرێژە قســـەم نەکردووە ئاشکرام نەکرد، گوتم با لەبەر دڵی مێردەکەم باس نەکەم تا هەســـت بەکەمی نەکات و بەســـەرخۆیدا نەشکێتەوە ، ئەو باسە نەکەیتەوە، دیارە ئەو هەشت ســـاڵە ئەو نەهێنییـــەی کوڕتانم لای خـــۆم هەڵگرتووە قەدری نازانـــی، دەبڕۆ ئەوە بزانەو ئیتر جارێکی تر ئەو باســـە لەگەڵ مندا نەکەیتەوە، ئینجا بەم شێوەیە دمکوت بوو، بەڵام لەبەر دڵی مێردەکەم بڕیارمدا تا بەسەر ئەو گرفتەی زاڵ دەبێ پشتی بگرم و لەگەڵی بم، ئەوە بوو دوای ماوەیەك چووینە دەرەوەی وڵات و پاش نزیکەی ســـاڵێك نەخۆشییەکەی چاکبۆوە و نەزۆکییەکەی نەماو منیش سکم بوو، ئێستاش خاوەن دوو منداڵین.

دیـــارە هۆیەکانی نەزۆکی چ لە پیاو چـــش لە ژن زۆرن و حاڵەتێکیش بەپێـــی جۆرەکەی هۆیەکەی چارەســـەر دەکرێت، بە قســـەی (د.غادە غەسان) کە پزیشـــکی بورای ئافرەتانە لە نەخۆشخانەی گشتی شەقڵاوە، دەڵێ: هەم هۆیەکانی نەزۆکی لـــە پیاو، هەمیش لە ژن، هی ئەوەیە کە چارەســـەر بکرێن و لە ڕووی پزیشکییەوە هیچ عەیب نیە.

ئەوەی کەعەیبە و شـــورەییە لە دڵ و دەروونی ئەو کەســـانە دەچێنـــێ حەقیەتـــی خەڵکەکـــەو نەریتـــە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگایـــە، بە هەرحـــاڵ هۆیەکانی نەزۆکـــی زۆرن بەڵام تەنیـــا ئەوانەی پەیوەندیان بە تۆو (ســـپێرم)وە هەبێت، دەتوانن ســـەرەکیەکانیان وەك نموونە: بێنینەوە لەوانە : یەکەم — کەمی ژمارەی ســـپێرمەکان (oligospermie)، دیارە ژمارەی ئەو ســـپێرمانە لە کەسێکی سروشتیدا لە هەر پەڕینێك (٢٠٠-٥٠٠) ملیۆن سپێرمە، پاشان لە پەڕینەکانی تردا کەم دەبێتەوە، ژمارەی سپێرمەکان بۆ پیتاندنی ئافرەت نابێ لە (٣٠٠) ملیۆن کەمتر بێت، ئـــەم حاڵەتە کەمی ژمارەی ســـپێرمەکان ئەوەیە کە لە هەر ســـانتیمەترێکی ســـێ جار ژمارەی سپێرمەکان لە ژمارەی سروشتی خۆی کەم دەبێتەوە بەڕادەیەك ناگاتە ئەوەی بتوانێ هێلکۆکە بپیتێنێ، هۆی ئـــەم حاڵەتەش زۆرە بەهوی نەخۆشـــییەکانی کوێرە رژێنەکان (الغدد الصماء )و نەخۆشـــی شەکرە و نەخۆشییەکانی پڕۆستات و ، یان گەر ئەو کەسە زۆر خۆی دابێتەبەر تیشـــکە زیان بەخشـــەکان و مژادە کمیاوییە زیان بەخشەکان و..

دووەم: مردنی سپێرمەکان (Necro spermie) لەم حاڵەتە سپێرمەکان تەواو لە جولە کەوتن و ئیفلیج بوونە ، هۆی ئەمەش بەزۆری تووشبوونی پڕۆستاتە بە هەوکردن و هەروەها نەمانی هەردوو مادەی ( فەکتۆزی فۆسفاتاز)ە لە تۆواودا.

ســـێیەمیش: نەبوونی ســـپێرمە لـــە ناوتـــۆواودا (Azo spermie) ئەمـــەش بە مانای وایە تۆواو هیچ ســـپێرمی تێـــدا نەبێ، هەروەها حاڵەتی لاوازی ســـپێرم و کەم جوڵەیی و هۆی خۆیان هەیە.

لای ئافرەتیـــش نەزۆکی دووجۆرە، لاوەکی و ســـەرەتایی، نەزۆکی ســـەرەتایی ئەوەیە ئافرەت لەسەرەتای ژیانی سێکسی لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیدا تووشی دەبێ.

لاوەکیەکەش ئەوەیە کە ئافـــرەت دوای ئەوەی منداڵێك یان دوانی دەبێ یان دوای ئەنجامدانی کرداری لەبارچوون تووشی دەبێ. جاری واش هەیە ئافرەت تووشی نەزۆکی دووبارەبوونەوە دەبـــێ دوای هەر منداڵبوونێکی ، ئەگەرچی لە پێشتریشـــدا هۆیەکانی پێشـــتری نەزۆکیەکەشی چارەســـەرکرابێ.. بۆیە نەزۆکیش وەك هەر نەخۆشییەکی تر، هۆکار و چارەسەری هەیە و ئەوەنیە کە کەســـەکە چاك نەبێتەوە مەگەر هەندێ حاڵەتی تایبەت نەبێ، لە ڕاستیشدا هیچ هۆیەك بۆ شەرم و شورەی لەو نەخۆشـــیەدا نابینم، ئەو هەستکردن بەشەرمەش کە ئێستا هەیە پابەندی ئەو عەقڵیەتە دواکەوتوویە کە لەو کۆمەڵگایەدا هەیەو وەك میراتێك بۆ نەوەی ئێستا ماوەتەوەو بۆتە کلتوور.

**ژن و مێردی نەزۆك لەبەردەم یاسادا**

ئەگـــەر پیاوێك نەزۆك بێت ئایا ژنەکەی دەتوانێ جیاببێتەوە هەقەکانیشـــی مسۆگەر بکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەڕێز دادوەر( فەریدوون عبدوڵڵا محەمەد ) دادوەری باری کەسی لە هەولێـــر گوتی: نەك بەم هۆیـــە، بەڵکو بە زۆر هۆی دیکەش ژن دەتوانـــێ داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام بە پێی یاســـای باری کەســـی عێراقی کە لە مادەی (٤٣)دا هاتووە، ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە (تفریـــق) بکات ئەگەر هاتوو پیاوەکە نەزۆك بوو، یا دوای زەماوەند دووچاری نەخۆشییەك هات بەو هۆیـــەوە نەزۆك کەوت و هیچ منداڵێکیشـــی لەو ژنەدا نەبێت کە لە ژیاندا مابێ، لێرەدا ژنەکەش بەپێی یاســـا مافی هەیە لە پیاوەکە جیاببێتەوە و هەموو مافێکیشـــی بۆ مسۆگەر بێت، چونکە ئەم نەزۆکەیـــە جۆرێکە لە زیان کە بە ژنەکە دەکەوێ دەبێتە هۆی ئـــەوەی ژنەکە لە مافی دایکایەتی و منداڵبوون بێ بەش بێت، ئەم مافە مافێکی پیرۆزە و یاساو شەرع باسیان لێوە کردووە: لە یاسادا ئەم جۆرە جیابوونەوەیە (الترفیق).

بە تەڵاقی (بائـــن بیونە صغری)بەڵام ئەم مافەی ژن کۆت و بەندی لەســـەرە، وەك کە دەڵێ ژنەکـــە هیچ منداڵێکی لەو کابرایـــە نەبێ و لە ژیاندا نەمابێ، یاســـادانەری عێراقی ئەم مافـــەی تەنها بە ژن داوە بە پیاوی نـــەداوە، بەڵام خۆی بە شێوەیەکی گشتی ژن و پیاویش هەردووکیان نەك هەر بەهۆی نەزۆکەییـــەوە بەڵکو ئەگەر بە بێ هۆش بێ، هەر لەبەرئەوەی ناتوانن بەیەکەوە بژین لەیەك جیاببنەوە.

●●●

**دکتۆرێک:**

**نەزۆکی ژنان و پیاوان نیوە بە نیوەیە هەردوولا وەکو یەک تووشی دەبن**

●●●



●●●

**دادوەرێک:**

**ئەگەر پیاوەکە نەزۆک بوو، ژنەکە بۆی هەیە لێی جیاببێتەوە، هەموو مافێکیشی بۆ مسۆگەر دەبێت**

●●●



## بمبورە هیچم پێ ناکرێ جگە لە سزادانی خۆم...

# دوو عاشق پێکەوە مەرگ هەڵدەبژێرن

خۆشەویستی ئەگەر پێداویستییەکی سۆزداری بێت بۆ مرۆڤ غەریزەیەکی سروشتیشە و ناکرێ بەهەر پاساوێکەوە بێت بسەپێندرێ، گەلێکن ئەوانەی لە پێناو خۆشەویستیدا قوربانییان داوە، تەنانەت کەسانێك هەبوونە گیانی خۆشیان لە پێناویدا بەخت کردووە، زۆریشن ئەو رێگریانەی کە دەبنە کۆسپ لە بەدیهێنانی ئەوانەی مرۆڤێکیان بەراستگۆیی خۆشدەوێت، بەتایبەتیش دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان هەر وەك لەم رووداوەدا، کە لێرەدا پوختەکەی دەخەینەڕوو، دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی دوو دڵدار کە خۆشەویستی راستەقینەی یەکتر بوونە، بۆ یەك نەبن و هەردووکیان لە پێناو پەیامەکەیان خۆیان بکەنە قوربانی و پەشیمانی و پەنجە گەستنیش بەشی ئەوانە بێت کە بوونە رێگریان.

### دەریایەك لە ئەڤین

ماڵی (ئاڤان) تازە هاتبووە ئەو گەڕەکەی کە ماڵی (سەردار)ی لێبوو، بەو هۆیەوە (سەردار) یەك دوو جاران، کە بە بەردەم ماڵی (ئاڤان)دا رەتبوو، (ئاڤان) سەرنجی راکێشابوو، ئەو دووانە قەدەرێك، هەر ئاوا دوور بەدووری لە یەکیان دەڕوانی و رۆژبەرۆژیش هەستیان دەکرد، بە هۆیەکی نادیارەوە لێکنزیك دەبنەوە و زیاتر لەیەك دەڕوانن (سەردار) چەند جارێك هەوڵیدا، باسەکەی لەگەڵ (سارا)ی خوشکی بکاتەوە، بەڵام لێی رانەدەدیت وترسی ئەوەی هەبوو، بەشێیوەیەك لە شێوەکان لێی تێکبدات، ئەوەبوو (ناهیدە) خوشکی (تەحسین)ی هاوڕێ و هاوپۆلی بیر کەوتەوە، هەر چۆنێك بێت، بوونە هاوڕێ کەوتنە گفتووگۆ لەسەر ئەوەی چۆن وابکرێ (ئاڤان) و (سەردار) بەیەك ئاشنابن، لەو رووەوە (ناهیدە) هاوکاری تەواوی خۆی نیشاندا و لە ماوەی هەفتەیەکدا (سەردار) و (ئاڤان) توانیان ئاشنایەتیان لەگەڵ یەك هەبێ و جۆرە پەیوەندییەکی سەرەتاییش دروست بکەن، لەمیانی ئەم یەکتر ناسینە (سەردار) بۆی روون بۆوە کە (ئاڤان) پۆلی شەشەمی زانستییە وەك خۆی، کچێکی قەشەنگ و ئادگار جوان و رەفتار باشە، خێزانی هەرووڵاش لە رووی داراییەوە، لە بارێکی مامناوەندیدا دەژین (سەردار) ئاواتی چوونە کۆلێژی دەرمانسازی دەبێ، بەڵام (ئاڤان) حەز بە چوونە کۆلێژی ئەندازە دەکات، ئەوان هەتا پۆلی شەشەم تەواو دەکەن، بە تەواوەتی دەچنە ناو دڵی یەکترەوە و خۆشەویستییەکی گەرم و گوڕ لەنێوانیاندا دروست دەبێ، وای لێ دێ ئەگەر رۆژی جارێك یەکتر نەبینن، ئۆقرەیان لەبەر ببڕێ، ئیدی دوای تەواوکردنی پۆلی شەش هەردووکیان لە کۆلێژی زانست وەردەگیرێن، ئەوان ئەگەرچی ئەو کۆلێژەی ئاواتیان بۆ نەهاتە دی، بەڵام زۆریش بەوە دڵ خۆش بوون کە قەدەر هەردووکیانی لەیەك کۆلێژدا کۆکردەوە، ئەوان کە لە کۆلێژ رۆژانە یەکتریان دەبینی، ئا لەو ماوەیەدا نەخشەی خۆیان بۆ دوا رۆژیان دادەڕێژن و لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە سەرەتا (سەردار) بچێتە داخوازی (ئاڤان) و مارەی بکات، پاشان تا کۆلێژ تەواو دەکەن و لە فەرمانگەیەك دادەمەزرێن و دەبنە مووچەخۆر، وورده ورده کەلوپەل و پێداویستییەکانی ماڵ بکڕن و ماڵێکی خنجیلانە پێك بهێنن، بەڵام وەك دەڵێن ئایا با هۆز بە گوێرەی خواستی کەشتی هەڵدەکا....؟

### ئاشکرابوونی پەیوەندییەکە

(سەردار) باسەکەی لەگەڵ دایك و باوکی کردەوە و ئەوانیش خەریکی ئامادەباشیبوون، بەڵام هێشتا نەچووبوون بۆ داخوازی کەچی ئێوارەیەك باوکی (ئاڤان) خۆی و دوو کوڕەکەی خۆیان

●●●
**دوای ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوانییان، باوکی ئاڤان کچەکەی لە کۆلێژ دەردێنێ و بەندی دەکات**
●●●



کرد بە ماڵەکەیان باوکی (سەردار) کەچاوی پێ کەوتن، رووی کراوە و دڵخۆش و دەم بە پێکەنینەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن بەڵام وەڵامی ئەوان سارد و سڕ و بێ تام بوو، باوکی (سەردار) زۆری پێ سەیر بوو، بەڵام بەسەر خۆیدا نەهێنا و بەردەوام بوو لە بەخێرهێنانیان بە هەرحاڵ دوای دانیشتنێکی چەند خولەکی، باوکی (ئاڤان) یەکسەر هاتە سەر هۆی هاتنیان بۆ ماڵی (سەردار) و بە باوکی گوت:


ئێمە ئەوە نزیکەی دوو ساڵێکە دراوسێی یەکترین، دراوسێش چاکەی بەسەر دراوسێیەکەی تری هەیە، بەڵام ئێوە لە جیاتی ئەوەی چاکەمان لەگەڵدا بکەن، یان هیچ نەبێ خراپەمان بەرامبەر نەکەن، کە ئێمە هیچ خراپەیەکمان بۆتان نییە، کە چی (سەردار)ی کوڕتان خەریکە دەست بۆ نامووسمان دەبات، ئێمە نەبین هەر کەسێکی تر بێ لێتانی قبوڵ نەدەکرد، کوڕەکەتان تەمبێ بکەن ، پێش ئەوەی ئێمە تەمبێی بکەین، پاش ئەو قسانە بێ خواحافیزی بەڕێکەوتن و ڕۆیشتن، باوکی (سەردار) سەری لەم رەفتارەیان سوڕما، ئەو ئێوارەیە کە باوك و براکانی (ئاڤان) هاتنە ماڵیان (سەردار) لە ماڵەوە نەبوو، بۆیە هەتا نەهاتەوە ماڵەوە نەیزانی بوو چ روویداوە کە هاتەوە باوکی باسەکەی لەگەڵدا کردەوە و سەرەتا تۆزێك سەر زەنشتی کرد، بەڵام کە بۆی رۆن بۆوە ئەوان کاتێك لە کافتیریای کۆلێژ دانیشتبوون و باسی مەسەلەی خوازبێنیەکەیان بەیەکەوە کردبوو، یەکێ لە براکانی (ئاڤان) کە بەڕێکەوت ئەو رۆژە هاتبووە کۆلێژەکەیان و هەردووکیانی لەسەر مێزێك بینیبوو، هاتبۆوە ماڵەوە، چی دیتبوو هێندەی دیکەشی پێوە نابوو کە بۆ باوکی گێڕابۆوە، ئیدی باوکیشی دەکەوێتە سەر (ئاڤان) و زۆری لێدەدا، بەو هۆیەوە لە کۆلێژ دەریدەهێنن باوکی (سەردار)، چەند جارێك خەڵك دەنێرێتە ماڵی باوکی ( ئاڤان) بۆ داواکردنی دەستی (ئاڤان)، کەچی ئەوان رەتیان دەکەنەوە، ئەمجارە پیاوێکی ئایینی و چەند کەسێکی ریش سپی و پیاو ماقووڵ دەنێرێت، بەڵام نەك هەر پێشوازیان لێناکات بەڵکو دەریشیان دەکات، و ناهێڵێ بێنە ژوورەوەش.

**دوا چارەسەر**

(سەردار) شەو رۆژ لە فکری (ئاڤان) دا دەبێت و خەوو خۆراکی لێ حەرام دەبێ، نە ئاگای لەوانەکان و کۆلێژ دەمێنێت، نە ئاگای لەخۆی دەمێنێ، دوو جاریش دەچێتە سەر رێی باوکی (ئاڤان) و دەستی ماچ دەکات ، تەنیا بۆ ئەوەی بە هەڵە لێی تێنەگەن و مەبەستی بووە کە (ئاڤان) بخوازێت، بەڵام بێ سوود دەبێ (سەردار) تەواو بێ ئومێد و هیوا بڕوا دەبێ، دواجار کاغەزێکی بۆ (ئاڤان) دەنووسێ و هەوڵدەدا بەدەست (ناهیدە)ی خوشکی (تەحسین)ی هاوڕێی بیگەیەنێتە دەستی، لە نامەکەیدا تەنیا ئەوەندە دەنووسێ: (بمبوورە کە هیچم پێ ناکرێ، تەنیا ئەوەندە نەبێ سزای خۆم بدەم..).

کە نامەکە دەگاتە دەست (ئاڤان) و دەیخوێنێتەوە، دوای نیو کاتژمێر، دەنگی تەقەی گوللەیەك لە کۆڵانەکە دەزرینگێتەوە، پاش چەند خولەکێك قیژە و ناڵەی ژنان لە ماڵی (سەردار) بەرز دەبێتەوە و خەڵکی گەڕەك دەزانن کە (سەردار) خۆی کوشتووە، ئەم هەواڵە جەرگبڕە دەگاتەوە (ئاڤان) و ئەویش بەبێ دەنگی و بەبێ سرتە، دەچێتە گەرماوی ماڵەوەیان و دەبەیك نەوتیش لەگەڵ خۆیدا دەبات و بە خۆیدا دەکات ئینجا ئاگر لەخۆی بەردەدات، هەتا دایکی پێی دەزانێ ئەو دەبێتە قەرە برووت و گیانی لە دەست دەدا.

باوکی سەردار دەچێتە خوازبێنی ئاڤان و هەوڵدەدات باوکی ئاڤان رازی بکات، بەڵام سودی نابێت



# کاتی دەزگیرانی دەرفەتە بۆ لەیەکگەیشتن تا چەند کۆمەڵ رێیی پێدەدات

**✿ ماوەی دەزگیرانی، بەو کاتە دەگوترێ کاتێك کوڕو کچێك دەبنە دەزگیرانی یەکتر، جا چ نیشانکرابن، یا مارەبڕی یەکترین، ساڵانی زوو، ئەو ماوەیە کورتترین ماوەبوو کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کچ و کوڕ تیایدا دەمانەوە. تەنانەت ماوەیەك بوو هیچ سوودێکی وەهاشی لێنەدەبینرا بۆ یەکتر ناسینی دوو دەزگیران، چونکە دابونەریتی ئەوسا رێگربوو لەوەی کچ و کوڕی دەزگیراندار بتوانن یەکتر ببینن و باشترو لە نزیکەوە یەکتر بناسن و ئاشنای یەکتر ببن.. بەڵام ئێستاکە درێژترین و بگرە گرنگترین ماوەشە کە هەر کچ و کوڕێك کە دەبنە دەزگیرانی یەکتر دەبێ پیایدا رەتببن، بۆ ئەوەی ئاشنایەتییەکی تەواو لە نێوانیاندا دروست ببێت، هەر لەو ماوەیەش کە زۆرجاران کچ و کوڕەکە بڕیاری وازهێنان لە یەکتر و کۆتایی هێنان بە پەیوەندییەکەیان دەدەن، یانیش بڕیاری بەردەوام بوون و رەزامەندی لەسەر یەکتر دەدەن. ✿**

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

کەسانێك هەن لە ماوەی دەزگیرانیدا بڕیار دەدەن کە ئیدی کۆتایـــی بەو پەیوەندییە بێنن کە لەگــەڵ بەرامبەرەکەیدا هەیانە، هۆیەکەشـــی ئەوەیە کە لەمیانی ئەو ماوەیەدا کە دەرفەتیان بۆ رەخســاوە یەکتر بناســن، بۆیان دەرکەوتووە کە بەرامبەر ئەو کەســە نەبووە کە هیوای خواســتووە، یا میزاج و رەفتارو بیرکردنەوەیان لەیەك جیاواز بووە، هەروەك خاتوو(ئەڤین ساڵح) لە رێگەی گێڕانەوەی ئەزموونەکەی خــۆی دووپاتی دەکاتــەوەو دەڵێ: من ســێ مانگان بە دەزگیران بووم، دەزگیرانەکەم دەرچووی یەکێ لە کۆلیژەکان بوو، سەرەتا کە یەکترمان ناســی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی کە دواتر ناســیم، ئێمــە بەرێکەوت لە ئاهەنگێکی بووك گواســتنەوەی ناســیاوێکم، یەکترمان ناسی، پاش ماوەیەکــی کورت کە هەر نزیکەی مانگێکی خایاند هاتە خوازبێنیم. لە ماوەی ئەو مانگەدا وەك کەســێکی کراوەو رووناکبیرو تێگەیشــتوو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردم، کە من زۆر ئاســوودە ببووم لەگەڵیدا تەنانــەت بە نموونەی پیاوێکی تێگەیشتووم دەزانی، بەڵام کە بە دەزگیرانیکردم، وردە وردە رەفتاری گــۆڕا، هەندێجار هێندە دواکەوتووانە بیری دەکردەوە، هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەوە راســتی بێت، بەشــێوەیەك هەڵســوکەوتی لەگەڵم دەکرد وەك ئەوەی من کۆیلەی ئەوبم، نەدەبوو تەلەفــۆن بۆ کەس بکەم، نەدەبوو قســە لەگەڵ هیچ کوڕێك بکەم تەنانەت ئەگەر خزمیشم بوایە. چوونە بازاڕ و سەردان و سەیران قەدەغە بوو، ئەوەندە فەرمانی قەدەغەکردنی بۆ دەرکردبووم، خۆم وەك بەندییەك دەبینی، تەواو لە گیانی خۆم وەڕس و بێزار بووم.. دواجار بەرگەی ئــەو هەموو قەدەغەیەیم نەگــرت و بە دایك و باوکمــم گوت، مــن ئیدی ئەو کوڕەم نــاوێ و لەگەڵی ناگونجێم، دەمەوێ لە یــەك جیاببینەوە هەرچەندە دایك و

باوکم هەوڵیاندا لەو بڕیارەم ساردم کەنەوە، بەڵام بێ سوود بوو من هەر لەسەر بڕیاری خۆم بووم بۆیە پێویستە ئەو ماوەیە ماوەیەکی درێژبێ و هەردوولا بۆ تێگەیشتن لە ناخی یەکتر سوودی لێوەربگرن.

**ڕەزیلی و دڵپیسی**

هەندێ کەس بە سروشتی خۆیان ڕەزیل و دڵپیسن، وەکو دەشڵێن تەبیعەت دەرمانی نییە، ئەو کەسانە بە هیچ شتێك ناگۆڕێن.

(هاژە ئیسماعیل) کەسێکی ڕەزیل و دڵپیسی تووش دەبێ و لە ماوەی دەزگیرانیدا بۆی دەردەکەوێت،(هاژەخان) دەڵێ: کە بە دەزگیرانکرام، کەسوکارم گوتیان با ماوەی دەزگیرانی زۆر نەکێشێ، نەوەك خەڵك قسەو قسەڵۆکان هەڵبەستن، منیش دەمگوت گرنگ کورت و درێژی ماوەکە نییە بەڵکو ئەو ماوەیە بتوانم ئەو کەسە بناسم و بزانم لەگەڵم دەگونجێ یان نا.

ئەوەبوو دوای مانگێك لە دەزگیرانیم بۆم دەرکەوت کە ئەو کابرایە چەندە ڕەزیلە ئەوەندەش دڵپیس و بە گومانە بۆیە شوکری خودام کرد کە لەو ماوەیەدا ئەو کەسەم ناسی، دەنا ئەگەر ماوەی دەزگیرانی نەبایە قەت نەمدەناسی، کە دەشیگواستمەوە، دڵنیابووم تەڵاقم وەردەگرت و لە هەڕەتی لاوێتیم دەبوومە تەڵاقدرای.

(سەفین نەزیر)وەك گەنجێك باس لە ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێ: ئێمە خێزانێکی عەشائیرین، بەڵام بای هێندەش لە نێوماندا ڕێگەی ئەوە دەدرێ کچ و کوڕ لە ماوەی دەزگیرانیدا تاڕادەیەکی سنووردار یەکتر ببینن، دایکم کچێکی بۆ دەستنیشانکردبووم، هەرچەندە نەمدەناسی، بەڵام هێندەیان بە شان و باڵیدا هەڵدابوو، ڕازییانکردم کە بیخوازم. کە مارەشم کرد، هەر لە سەرەتاوە بە چەند جارێك هاموشۆکردن و لەگەڵ یەکتر دانیشتن زانیم ئەو کەسە نییە کە من بە ئاواتی دەخوازم، چونکە هەرچەندە تەمەنی(١٩) ساڵانیش بوو بەڵام وەك منداڵێك بیری دەکردەوەو هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڕاستی کەسێتییەکی پێنەگەیشتووی هەبوو، بۆیە سوپاسی خودام کرد کە لەو ماوەیەدا ناسیم و خۆم تووشی ژنهێنانێك نەکرد کە دواتر پەشیمان ببمەوە.

**دەرفەتێکی زێڕین... بەڵام**

(دلاوەر ئەکرەم) تەمەن (٣٠)ساڵ ئەو ماوەیە بە دەرفەتێکی زێڕین وەسف دەکاو دەڵێت: لە ڕاستییدا ماوەیەکی ئێجگار شیاوە بۆ یەکترناسین، بەڵام بەداخەوە خێزانەکان بەتایبەت ماڵە باوکی کچان ڕێگە نادەن لە مانگێك یان دوو مانگ زیاتر درێژە بکێشێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە کێشەی جۆراوجۆر دەبێتە میوانی بەردەوامی ژیانی هاوسەری، (دلاوەر) ئاماژەی بۆ ئەوەشدا کە جاری وا هەیە هەندێ لە کوڕان و کچان لە ماوەی دەزگیرانیدا خۆیان دەگۆڕن و بەجۆرە کەسایەتییەکی دیکەی دوور لە واقیعی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن بۆیە هیوای خواست کوڕو کچ گرنگی ڕاستەقینەی ئەو ماوەیە لە ڕەنگرێژکردنی ژیانی داهاتوویان بزانن.

**کچێک:**
**لە دەزگیرانیدا بۆم دەرکەوت، دەزگیرانەکەم چەندە دواکەوتوو و کۆنە پەرستە، بۆیە بڕیاری جیابوونەوەمدا**

**کوڕێک:**
**دەرفەتێکی زێڕینە بەڵام کۆمەڵگە ماوە بە درێژەدانی نادات**





# بۆ خانوویەک ژنەکەی تــەڵاق دەدات

✿ ئەگەر ژن و مێردێك ژیانیان لێ بووە دۆزەخ و نەیانتوانی بەتەبایی لە ژێر ســاباتی خێزانێکدا بەیەکەوە بمێیننەوە، ئەوکاتە چارەسەرێك کە بۆ هەردووکیان بشێ و پێویســت بێت، تەنیا لێکجیابوونەوەیە، واتە(تەڵاق)، بــەڵام ئایا ئــەو لێکجیابوونەوەیە ئەو رێگایەیە کە هەمیشــە هەردوو لا پێی رازین بە قەناعەتەوە هەڵیانبژاردووە..؟ یان یەکێکیان ســوودمەند و ئەویتریان زیانمەندە..؟

حاڵەتی وا هەیە پیاوەکە زێدەڕۆییەکی ئاشــکرا بەرامبەر بە ژنەکەی دەکات و تەڵاقــی دەدات، کەچی ژنەکەی ئەگەرچی رەنگە لە ژیانێکی کوڵەمەرگیــش دابێ، بەڵام ئەو ژیانــە دژوارەش قبوڵ دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی تەڵاق نەدرێت.. وەکو ئەو حاڵەتەی کە لێرەدا دەیخەینەڕوو.✿

**پیاوێکی دەستکورت و هەژار**

هیچ خەوشــێك لەوەدا نییە مــرۆڤ ئەگەر هەژار و کەمدەرامەت بێت، یا توانای دارایی سنووردار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەونی خۆشگوزەرانی و باش بوونی دۆخی دارایی ئومێدی هەر کەسێك بێت، بەڵام جاری واش دەبێ کەسێك کە هەژارە و دواتر دەوڵەمەند دەبێ، خۆی لێ دەگۆڕێ و رەفتار و بیرکردنەوەشی گۆڕانی بەسەردادێت... (دڵشاد) کە لە تەمەنی (٢٨) ســاڵیدا بوو(چنار)ی خواست، ئەو لە دۆخێکدا بــوو، تەنیا مووچەیەکی کەمی هەبوو، جار جارەش ماڵی باوکی یارمەتییان دەدا، باوکی (دڵشــاد) لە خانووەکەی خۆی نهۆمی ســەرەوەی پێدابوو کە لە دوو ژووری مامناوەندی پێکهاتبوو، بەم دۆخەشــەوە (چنار)

هـــەر رازی و دڵخـــۆش بوو، ئەو ژنێـــك بوو، ماڵ و مێردی خۆی خۆش دەویست. ئەو كاتانەی كە (دڵشاد) خەمی خۆی بەدەست كەمی مووچە و كەمدەرامەتی هەڵدەڕشـــت و كۆمەڵێك خەمی دەخوارد،(چنار) دڵی دەدایەوە پێـــی دەگوت مرۆڤ تەنها بـــە ماڵی دنیا ناژی، ئەگەر ژیانی ئاسوودە و دەروونی كامەران بوو، با لە دەوڵەمەندیشـــدا نەبـــێ، چ قەیدییە، بارودۆخی دارایی(دڵشـــاد) هەر ساڵێك دووان وابوو، ئیتر هەوڵیدا كارێكی تریش لە دوای دەوامی رەسمی بكات، ئەوەبوو لەگەڵ ناسیاوێكی خۆی چووە ناو هێنانی كەلوپەلی خۆراك بەشـــێوەی كۆمـــەڵ، وردە وردە هەندێ پارەی كۆكردەوە و وای لێهات خۆی بەتەنها كارەكەی دەكرد و پاش ساڵێك سەرمایەكی بچوكی كۆكردەوە و دەستی بەكاری بازرگانی كرد.

### تێكچوونی پەیوەندییەكانیان

لە میانی ئەو كارانەی (دڵشـــاد) دەیكرد، هێنانی كەلوپەل بوو بەرێگەی قاچاخ، كە ئەم كارەی پارەیەكی زۆری لە ماوەیەكی كەم بۆ دەســـتەبەر دەكرد، ئەگەر چی كارەكەی مەترسیشی زۆر تێدا بوو، بەڵام ئەو ئەم كارەی زۆر پێخۆش بوو.

ئەمـــە وایكرد (دڵشـــاد) خانوویەك بكـــڕێ و لە ماڵـــی باوكی بچێتە دەرەوە، ئەو بەهۆی فراوانبوونی كارەكەی وازی لـــە دەوامـــی فەرمانگەكەی هێناو بەتەواوەتـــی رووی لەو كارە كرد كە خێرێكی باشـــی بۆ هەبـــوو، ئەوە بوو بەهۆی كارەكەیەوە ئاشـــنایەتی لەگـــەڵ زۆر دەوڵەمەنـــد پەیدا كـــرد، یەكێك لەوانە (ئەحمەد)ی برادەری بـــوو. (ئەحمەد) كە پیاوێكی تەمەن (٥٠) ساڵی بوو، دەوڵەمەندێكی دەسترۆیشتوو بوو، لە كاركردنی لەگەڵ (دڵشـــاد) زۆر ئاسوودە بوو، (دڵشـــاد)یش بەهەمان شـــێوە، هەردووكیان هەستیان دەكرد پێویستیان بەیەكەو دەشیانویست پەیوەندییەكانیان پتەوتر و توندوتۆڵتر بكەن، ئیدی وردە وردە (دڵشـــاد) هاتوچۆی ماڵی (ئەحمـــەد)ی دەكرد، (ئەحمەد) كە خاوەنی ســـێ كچ بوو، گەورەكەیان تەمەنی نزیكەی (٣٠) ســـاڵێك دەبوو، زۆر چووبووە دڵی (دڵشاد)ەوە و بە دڵ حەزی دەكرد بیخوازێ.

(دڵشـــاد) بەهۆی ئەو كچەوە ئـــاگای لە ماڵ و (چنار)ی ژنی نەما. (چنار) كە چەند ســـاڵێك بوو شووی بە دڵشـــاد كرد بوو، هیچ منداڵێكی لێ نەبوو بوو. كە جارێكیشـــیان بەنهێنی (دڵشاد) چووبووە لای پزیشك، دوای پشكنین دەركەوتبوو كە منداڵی نابێ، ئەم حاڵەتە (چنار)ی زۆر دڵگران كردبوو، هەمیشە لە نیگەرانییەكی نادیاردا دەژیا، هەمیشـــە ترسێكی لە دڵی دا هەبوو، (دڵشـــاد)یش كە تەواو دڵبەســـتی كچەكەی (ئەحمەد) ببوو، باشترین بیانووی لە دەست بوو، بۆ ئەوەی ژن بهێنـــێ، ئیدی بەهەر جۆرێك بێ (دڵشـــاد) مەســـەلەكەی لەگەڵ (ئەحمەد) كردەوە. ئەویش ئەگەرچی لە دەروونی خۆیدا زۆری پێخۆش بوو، بەڵام بەهیچ شـــێوەیەك نەیدەویســـت وەها نیشان بدات و (دڵشاد) هەستی پێ بكات.

لەو مەســـەلەیەدا زۆر خۆی گران كرد و كۆنترۆڵی هەســـتی خۆی دەكـــرد، ئەو لەلایەك حـــەزی دەكرد كچەكەی خۆی بداتە (دڵشـــاد)، لەلایەكیش (دڵشاد) ژنی هەبوو، نەیدەویست كچەكەی سەر بەهەوێ بچێ. بۆیە لە دواجاردا كردیە مەرج لەســـەر (دڵشـــاد) كە بەمەرجێ كچەكەی خۆی دەداتێ ئەگەر ئەو ژنەكەی خـــۆی تەڵاق بدات، جا ئەگەر ئـــەو مەرجەی هێنایە دی، ئەوا كچەكەی دەداتـــێ و خانوویەكی گەورەش دەكاتە دیاری كچەكەی.

ئەمـــە دەبێتە هاندەرێكی بەهێز بۆ (دڵشـــاد)، ئیتر دەست، بە هەنجەت و بیانووگرتن بە (چنار) كرد، رۆژ بە رۆژ نێوانیان ناخۆش و بێ تامتر دەبوو. (دڵشـــاد) نیـــازی خۆی بە (چنار) دەڵێ و پێی رادەگەیەنێ كە ئیتر نایەوێ لەگەڵیدا بژی و بڕیاری داوە كە تەڵاقی بدات.

### دەست لێك بەردان

(دڵشـــاد) بڕیاری خۆیدا و ئێوارەیەكی كردیە هەروا هەڵلایەك ئەو ســـەری دیار نەبێ. خۆی تووڕە و گڕژ كـــرد و هەنجەتی بەهەموو شـــتێك گرت. تاوەكو دوو كەســـی لە خزمانی (چنار) بانگ كرد و لەبەردەمی ئەوان (چنار)ی ژنی تەڵاقدا. پاشـــان چووە دادگا و داوای پەســـندكردنی تەڵاقەكەی لێ كرد. كە رۆژی دادبینی بۆ دیاریكرا و (چنار)یـــش ئاگاداركرایەوە.

(چنـــار) لەبەردەم دادوەر گوتـــی: جەنابی حاكم من نازانم ئەو پیاوەی من بۆچی تەڵاقی دام، چونكە هیچ خراپەیەكم بۆی نەبوو، چەندیش پێمكرا خزمەتیم كرد، كـــە هیچی نەبوو، كەمدەرامەت بوو، پشـــتیم گرت و لەگەڵی مامەوە. بەڵام ئەو كە خۆی گرت و كارێكی تـــری دیتـــەوە وردە وردە دەوڵەمەند بوو. چاوی بڕییە دنیا و دەوڵەمەندی زیاتری دەویســـت. هەموو چاكە و خزمەتەكانی منی فەرامۆش كرد و بەبێ هۆ تەڵاقی دام، زۆر پاڕامەوە كە تەڵاقم نەداو تەنها بەخێوم بكات هیچـــم لێی ناوێ، بەڵام پاڕانەوەكانی من هیچ دڵیان نەرم نەكرد و سوور بوو لەسەر تەڵاق دانم، ئەو پیاوە كە دەســـتی خۆی دیت منی لەبیر كرد و فرێی دام تەنها لەبەر ئەوەی بێ دەسەڵاتم بۆیە تەڵاقی دام.

●●●
**كاتێك قودسییەتی ژیانی هاوسەری لە روانگەی پارەو سەروەت و سامانەوە تەماشا دەكرێت پانتاییەك نامێنێتەوە بۆ سۆز و خۆشەویستی لێرەدا پرۆسەكە دەكەوێتە بەردەم چەندین پرسیارەوە**
●●●

# باوەری ب بۆرجا، دناڤبەرا ئاشوپە وراستیان دا وونداببوویە

***پتریـــا رۆژنامە وگۆڤارێن مە بەرپەرێن دوماهیكێ ب تشـــتەكێ تەرفیهی وخـــۆش وەكو بهێنڤەدانەك بەرهەڤ دكەن، وپرانیا وان دڤی بەرپەری دا لیســـتەكا بورجان بەرهەڤ دكەن داكو خەلك پێڤە بهێنە گرێدان یان خۆشـــیەكێ ژێ ببینن؟ ئەڤ بۆرجە چەوا دهێنە دروســـتكرن ولســـەر چ پیڤەر دهێنە نڤیسین وخەلك چەوا باوەریێ پێ دئینن وچەوا شەنسێ خۆ تێدا دبینن؟!!***

گەنجەكێ ٢٢ سالی ب ناڤێ رەمەزان موستەفا دبێژیت (ب دیتنا من چ راستی بۆ بۆرجا نینن، رەنگە ئەوێن تەماشەیی بۆرجا دكـــەن یان بەردەوام دخوننن تەنهـــا وەكو بهێنڤەدانەك وخۆشـــیەك پووتەی پێ ددەن) رەمـــەزان ب هیچ رەنگەكی باوەریا خۆ ب بۆرجا نائینیت ودبێژیت (من گەلەك جارا بۆرج خواندینە لێ چ راستی بۆ نینن، رەنگە هندەك جارا نێزیكی راستییێ ببن لێ گەلەك یا كێمە).

رەمەزانی دەربارەی شەنسی گۆت (شەنس تشتەكە ژدەڤ خـــودێ هاتیە چونكی كەس نەشـــێت چ بڕیارا بۆ دەمەكێ دی بدەت هێشـــتا ب ســـەردا نەهاتی، هەروەها شەنس لسەر كاروبارێن مرۆڤی یێن رۆژانە دمینیت، نابیت مرۆڤ تەڤلی كارەكی ببیت ونە سەركەڤیت وبێژیت من شەنس نینە، چونكی مرۆڤ نەشـــێت دهەمی كارێن خۆدا ب سەركەڤیت دێ هەر هندەك جارا شكێت)

خاتون ژیـــان دگەل بۆرجا یا گەشـــبین بوویە وهەردەم ل هیڤیا هندێ یە رۆژنامەك ب دەســـت بكەڤیت وبۆرجێ خۆ بخوونت وباوەریەكا مۆكم پێ دئینیت وبدوف ئاخفتنێن وێ ل دەمێ بۆرجا دخوونت گەلەك حەزدكەت بۆرجێن وێ بەحسی ئەڤینییێ بكەن وبۆ وێ دەزگرەكی دروست بكەن. دسەر باوەریا ژیانخانێ را بۆ بۆرجان لێ گەلەك یا بشـــەنس نینە ودبێژیت (ئەز گەلەك باوەریا ب بۆرجان دئینم وپتریا تشتێن من دروست دەردكەڤن لێ هندەك جارا ئەو تشتێن من دڤێن چێبن خەلەت دەردكەڤن، لێ من شەنس دژیانێ دا نینە خۆ بۆرجێ من ژی دبێژیتە من تو یا بێ شەنسی)

هەژار حەسەن نوح قوتابییێ زانكۆیێ ب نێرینا خۆ باوەریێ ب بۆرجـــا نائینیـــت وب دیتنەكا ســـەرڤە سەرڤە تەماشـــە دكەت ودبێژیـــت (بۆرج تەنهـــا دەربڕینێ ژهندەك هزروبیرێن خورافی دكەن وهیچ راســـتیەك بۆ نینە واتە، ئەو كەســـێ بۆرجێ مرۆڤی دنڤیسیت دێ هندەك ئاخفتنا لسەر ئاییندێ مرۆڤی نڤیسیت وئەگەر مرۆڤ پیچەكێ مێشكێ خۆ بدەتە شولی باوەریا خۆ پێ نائینیت)


سەبارەت نڤیسینا ڤان بۆرجا هەژار دبێژیت (پتریا نڤیسەرێن بۆرجا نە مرۆڤێن بســـپورن ئێكێ سادەیە ژدەڤ خۆ دنڤیسیت وهەر تشتەكێ دكەڤیتە بەردەڤی دبێژیت ودنڤیسیت)

ئەیاد عەجاج گەنجەكێ ٢٤ سالی یێ ئێزدی بوویە، دڤی بیاڤی دا خۆ نەشـــارەزا دبینیت ودبێژیت (من گەلەك پێزانین دڤی بیاڤی دا نینن لێ بدیتنا من راستیەك یا بۆ ڤان بۆرجا هەی چونكی گرنگیەكا مەزن پێ دهێتە دان، دهەما دەم دا ئەز دبینم ئەو تێبینی یێن دبۆرجا دا دهێنە نڤیسین پتریا وان لسەر خەلكی دهێنە سەپاندن)

هەروەســـا ئەیادی گۆت (گەلەك جارا مرۆڤ هزردكەت بۆرج تەنها پێزانێن گشـــتی نە لسەر ژیانا مرۆڤی لێ هندەك جارا ئەڤ چەندە بەروڤاژی دبیت، وئەڤ چەندە ب ســـەرێ من بخۆ هاتیـــە، ودبیت ئەز پتریا جارا باوەریا خۆ ب بۆرجا دئینم وهەردەم دخوونم وحەژێ دكەم)

شیلان سالح ژنەكا ٥٠ سالی یە چ پووتەی نادەتە بۆرجا ودبێژیـــت هیڤی دكەم كەس باورەیا خـــۆ ب بۆرجا نەئینیت چونكی چ راســـتی بۆ نینـــە تەنها دەمەكێ زێدە ژ مرۆڤی دكوژیت)

شیلان خان پێدا دچیت ودبێژیت (ئەز بخۆ دگەنجاتیا خۆدا گەلەك یا ب شەنس بووم، دوور ژ بۆرجان من حەژ ژیانێ دكر چونكی ئەز یا ب شـــەنس بووم پتریا حەزێن خۆ من



***

**پتریا نڤیسەرێن بۆرجا نە مرۆڤێن سپورن ئێكێ سادەیە ژدەڤ خۆ دنڤیسیت وهەر تشتەكێ دكەڤیتە بەردەڤی دبێژیت ودنڤیسیت**

***

**بۆرج تەنها دەربڕینێ ژهندەک هزروبیرێن خورافی دکەن وهیچ راستیەک بۆ نینە**

ئا: میرۆ ئەتروشی / دهۆك

بدەســـتڤە ئینان، هەتا ئەو کەســـێ من حەژێ ژی دکر ئەم گەهشتینە ئێك ونوکە خێزانەکا بەرکەفتی پێك ئینایە)

محەمەد تەیب قوتابیەکێ دی یێ زانکۆیێ بوویە ئاخفتنا ئەیـــادی بەرۆڤاژی دکەت و ب ئێکجاری باوەرییێ ب بۆرجا نائینیت ودبێژیت (ئەو تشتێن دبۆرجا دا دهێنە نڤیسین ١٠٠٪ وەنینە ونا هێنە ســـەپاندن لسە چ کەسان و چ هەبوون بۆ وان ئاخفتنا نینە، ڤێجا ئەز نزانم بۆرجێ من بتنێ یێ وەســـانی یان یێن هەمی یان د وەســـانە، یان ژی رەنگە ئەو کەسێن ڤان بۆرجا دنڤیسین نە شارەزا وبسپۆرن دڤی بواری دا، دهەما دەم دا هەردەمێ من گۆڤارەك خواند ئەز بۆرجێ خۆ دخوونم لێ تەنها وەکو خۆشی

ئەز چ باوەرییێ پێ نائینم).

دەربـــارەی شەنســـی محەمـــەدی گـــۆت (شـــەنس نە بدەســـتێ مرۆڤی یە تشـــتەکێ ژ نیشـــکان ڤەیـــە هەماتە هنـــد دیت هات وتە هـــاش خۆ نە، وب دیتنا من شـــەنس نە لســـەر دەستێ مرۆڤی یە بەلکو لســـەر شارەزایا مرۆڤی بـــۆ ب دەرفەت وەرگرتنـــا دەرفەتێن گرنگـــە دژیانێ دا)

شڤان بیبو بهیچ رەنگەکی دگەل باوەریا بۆرجا نەبوویە وگۆت (خواندنـــا بۆرجا تەنها بوورینا دەمی یە کو مرۆڤی مژول دکەن، چونکی هیچ کەســـەك نەشـــێت رێکێن ژیانا مرۆڤی دەست نیشان بکەت) دیسان بیبوی گۆت (ئەگەر بۆرج راست بن بلا جارەکێ مرنا ئێکـــی دیار بکـــەن، لێ بۆرج تەنها تشـــتێن ژیانا مرۆڤی یێن رۆژانە دووبارە دکەن و تەنها پێشبینیەکە بۆ تشتەکێ هێش ب سەرمرۆڤی دا نەهاتـــی ورەنگە جارەکێ ب سەرێ مرۆڤی بێت)

ئەحمەدمحەمەدیونسئەوگەنجێ ٢٣ ســـالی چ راســـتیا بۆ بۆرجا نا دانیت ودبێژیت (بۆرج تەنها دیتن وبۆچوونێن هندەك کەسانە ئەڤجا چ دراست بن یان خەلەت بن، ولدەڤ نڤیسەرێ وان نەیا گرنگە چونکی دێ نڤیسیت و وەشینیت ڤێجا خەلك وشانسێ خۆ، لێ هندەك جارا ئەڤ بۆرجە نێزیکی راســـتیا ژیانا مرۆڤی دبیت لەورا مرۆڤ هزردکەت راســـتیە) ئەحمەد چ باورەیێ ب شانسی ژی نا ئینیت ودبێژیت هەر تشـــتەکێ خودێ حەزکربیت دێ چێبیت بێی مرۆڤی حەز لسەر هەبیت یان نە)

دەریا ئەو کچا جوان ونازك بهیچ رەنگەکی دگەل نڤیســـینا بۆرجا نینە ودبێژیت ئەگەر نەهێنە نڤیسین باشترە وئەو پەرێ ددەنە بۆرجا بۆ تشـــتەکێ زانستی تەرخان بکەن دبیت خەلکێ مە پتر مفای ژێ وەربگرن).

شێرو حازم عوسم

انی گۆت (هەتا رادەیەکی ئەم تەماشـــەیی بۆرجا دکەین ورەنگە هندەك جارا راســـتی تێدا هەنە وئەو تشت ب سەرێ مرۆڤی دهێن، لێ دهەمان کات دا من باوەری ب بۆرجا نینە وباوەرییێ پێ نائینم) شێرۆ دەربارەیی شەنسی دبێژیت (دگەل هەبوونا مرۆڤی خودێ شەنســـی ددەت، وشەنس نە تشتەکێ بەردەستە لێ هندەك جارا نە ب دەستێ مرۆڤی ژی یە بەس باراپتر مرۆڤ باورەیێ ب بۆرجا نەئینیت باشترە).

جوان ئەو کچا ١٨ ســـالی هەمی هیڤێن خۆ دئێخیتە لژێر کۆنتـــرۆلا بۆرجـــا ودبێژیت (ئەز گەلەك حـــەژ بۆرجا دکەم وهەردەمێ من رۆژنامەك هەلگرت دێ ل دەســـپێکێ بۆجێن خۆ خوینم، وئەز باوەیەکا مـــەزن پێ دئینم وهەمی دەما بۆ من راستییدبێژن)

بـــۆ پتر زانینا وان راســـتییێن گۆڤار ورۆژنامە دڤیســـین سەرنڤیســـەرێ رۆژنامەکێ گـــۆت بۆرجێن مە بدەســـتێن بســـپورەکێ شـــارەزا دڤی بواری دا دهێنە نڤیسین لێ دسەر هنـــدێ را گەلەك خەلك گازندا ژمـــە دکەن ودبێژن بۆرجێن مە درەوا دکەن، ڤێجا کی دشێت خەلکی هەمییێ رازی بکـــەت وبدوف دلـــێ وان بۆ وان بنڤیســـیت) ئێکێ دی گۆت (ئەم وەکو ســـتافێ گۆڤارێ بۆرجا دنڤیسین وپتریا جاران هەما ژ گۆڤارەکا دی دئینینە دەرێ بێی هزرکـــرن چونکی هەر درەون هەما بلا ش راســـتا ببنە درەو).

دەروونناســـەك: بـــۆرج ئانکو شەنس ئەو تشتێ بۆ خاپاندنـــا خەلکی دهێتە ب کارئینـــان تەنها دەم بووراندنە وهیچ راســـتی بۆ بۆرجا نینە، نەخاسم دسەر دەمێ نوکە دا کو هەر کەســـەکێ حەزبکەت دێ پێنووســـێ خۆ هەلگریت وبۆرجا نڤیســـیت دێ بێژی یێ حزورانێ یان یاریەکێ دکەت، دیرۆکا بۆرجا گەلەك یا کەڤنە و ژکەڤندا هندەك باوەرییێ پێ دئینن وهندەك باوەرییێ پێ نائینن، ئەگەر ئەم ب گشـــتی تەماشەیی رۆژنامە وگۆڤارێن مە یێن نوکە ئەوێن بۆرجا دنڤیسن بکەین دێ بینین نڤیسەرەکێ نە بسپۆر دڤی بـــواری دا یا پێڤە خەریکـــە وب کەیفا خۆ دەزگرا بۆ خەلکـــی چێ دکەت وژن ومێرا ژێك ددەتە بەردان دێ بێژی ترانا بچیکانە.

پاشـــی گۆت (هیڤی ئەو رۆژنامە وگۆڤارێن پووتەی ب بۆرجا ددەن نڤیســـینا بۆرجا بکەنە ددەســـتێن کەسێن شارەزا وبســـپۆر دڤی بـــواری دا داکو خەلکێ مـــە ژێ نە رەڤیت وئەگەر شەرعیەتەك هەبیت داکو ژدەست نەدەت)



**دەووناسەک: درۆژنامە وگۆڤارێن مە یێن نوکە دا ئەوێن بۆرجا دنڤیسن نڤیسەرەکێ نە بسپۆر دڤی بواری دا یێ پێڤە خەریکە وب کەیفا خۆ دەزگرا**

**گەلەک خۆشە بۆرجێن مرۆڤی بەحسێ ئەڤینێ بکەن وبۆ مرۆڤی دەزگرەکی دروست بکەن بلا ئاشوپە ژی بێت**

# بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستا کاڵبۆتەوە...




***لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر مامۆستا هەن گلەیی و گازاندەی ئەوە دەکەن وەك جاران قوتابیان ڕێز لە مامۆستا ناگرن. تەنانەت هەندێ لە مامۆستایان گلەییان لە دایکان و باوکانیش هەیە، کە منداڵەکانیان لەسەر ئەو کولتوورە پەروەردە ناکەن، کە منداڵەکانیان سەنگ و گرنگی مامۆستا بزانن و فێریان بکەن ڕێز گرتن لە مامۆستا نیشانەی ئەوپەڕی ڕەوشت بەرزی و شارستانییەتە.***

مامۆستا (نیشتمان عەلی بەندی) کە مامۆستای مادەی کۆمەڵناسییە و دەرچووی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینە، لەو بڕوایە دایەنەك هەر مامۆستا هەموو مرۆڤێك شایەنی ڕێزلێگرتنە. بەو پێیەی کە مرۆڤە. بەڵام هەر توێژێك سەنگێکی تایبەتیشی بە گوێرەی پیشە و ئەرکەکەی هەیە، وەکو دەزانن کەس لە ئێمە بە چاوی سووك سەیری پزیشك و کاری پزیشکی ناکات، چونکە هەم زانستە کە و هەم پیشەکە، کارێکی مرۆڤانەیە و خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات. هەروەها بەرامبەر هەموو پیشە و زانستەکانی تریش، ئەوجا چ ئەندازیاری و یاسا و دادوادگەری و پارێزەرایەتی، یا دەرمانسازی، بێ. تد، بەڵام باپرسین کێ ئەمانەی پێگەیاندووە چ لە قۆناغی سەرەتایی و هەتا تەواوکردنی

خوێندنی باڵا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزیش. ئایا هەر مامۆستا نەبووە، ڕێنیشاندەر و یارمەتیدەر و پەروەردەکار بووە بۆیان. بۆیە مامۆستا هەر لە کۆنەوە سەنگێکی تایبەتی و زۆری هەبووە. بە بڕوای من ئەو میللەتەی ئەگەر ڕێز لە مامۆستاکانی بگرێ نیشانەی زیندوویەتی و شارستانیبوون و گەورەیی و ئینساندۆستی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەیەنێ. بەداخەوە لای ئێمە مامۆستا وەکو جاران ئەو ڕێزەی لێناگیرێ. بێگومان ئەوەش لە بیرکردنەوەیەکی ناڕاست و دواکەوتوویییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دواجار دەڵێت: چەند خەفەتبارە، میللەتێك ڕێزی کەسانی پێشەنگ و فیداکارانی نەگرێ.

قوتابی (سۆلین دلزار ئاکۆیی) کچە قوتابییەکی کۆلێژی پزیشکییە و کە داوامان لێکرد بیروڕا و سەرنجی خۆیمان بداتێ لەسەر مامۆستا، بەوپەڕی ڕاستگۆیی و سۆزەوە هاتە دوان و گوتی: مامۆستا کەسێکی بەرزە، زۆر بەرزە، قوتابی هەمیشە بە چاوی دایك و باوك تەماشای مامۆستا دەکات، ئەگەر قوتابییەکی لاسار لێرە و لەوێش هەبێ، چەقاوەسووانە لەگەڵ مامۆستا ڕەفتار بکات، ناکرێ ئەوە بە دیاردەیەکی گشتگیر دابنێین و بڵێین کە هەموو قوتابییەك بەمشێوەیە تەماشای مامۆستا دەکات، بەهەر حاڵ بەلایەنی کەمەوە من بەمجۆرە لە مەسەلەکە دەڕوانم و لەوەتەی قوتابییمە وام هەست کردووە، ئیتر نازانم ئەگەر کەسێکی تر هەبێ بە پێچەوانەی ئەو هەستەی من هەستێکی تری هەبێ.

لە کۆلێژی پەروەردە قوتابی (ژیلە عەبدوڵلا) نکۆڵی لەوە نەکرد کە قوتابیان و بگرە خەڵکیش وەکو جاران بەڕێزێکی ڕەهاوە تەماشای مامۆستا ناکەن. ئەو دەڵێ: مرۆڤی بەڕێز، هەر بەڕێزە، جا مامۆستا بێ یان شتێکی تر، ئەوەش بۆ کەسایەتی ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە، مامۆستا خۆی کەسێکی بەڕێزە، بەڵام خۆ هەموو مرۆڤێکیش وەك یەك نین، بەڕاستی هەندێ مامۆستا هەن ڕێز لە خۆیان ناگرن و پیشەکەشیان سووك دەکەن. من هەر بۆ نموونە پێتدەڵێم مامۆستایەك هەبوو تەمەنی لە سەرووی (٣٥) ساڵییەوە بوو، کەچی (تحرش) ی بە کچێکی هاوپۆلم دەکرد و هەر جارەی بەبیانوویەك توانجی لێدەگرت، وایلێهاتبوو، بەو کچەی دەگوت ئەگەر یەك تاقیکردنەوەش نەکەی، لەوانەی خۆم ناتکەوێنم، تا دواجار وەکو دەڵێن (تقدیم) ی کردبوو، بەڵام کچەکەش بێ منەتانە ڕەفزی دابویە، سەیر لەوە دایە ئەو مامۆستایە ژن و منداڵیشی هەبوو، ئیدی بەهۆی ئەم ڕەفتارەوە ببوە جێی قسە و قسەڵۆك و تیروتوانج لێدان. کەچی ئەو هەموو ئەو تیروتوانجانەی هەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات.



(زانا عومەر) و (زەکەریا شێرزاد) هەردووکیان قوتابی پۆلی شەشی زانستین و باری داراییان باشە و مامۆستای تایبەتیان هەیە. ئەوان دەڵێن، ئێمە یەکێ چوار مامۆستامان هەیە، سیانیان لێی دەربچێ، کەچی ئەوانیتر، هەر زۆر مادیبیانە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن. بەلایانەوە تەنیا ئەوە گرنگە زۆرترین وانەی تایبەتیان هەبێ و زۆرترین قازانج بکەن، بۆیە بە چرکە و بە لاپەڕە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن. بێگومان هەر لەگەڵ ئێمەدا وانین لەگەڵ قوتابیانی تریش وان. ئا ئەم جۆرە ڕەفتارانەیە کەوا دەکات مامۆستا ڕێزی کەمتر بێتەوە لای قوتابی، بەڵام ئەمە مانای وا نییە هەموو مامۆستایەك بەمشێوەیە بێ.

**مامۆستایەک:**
**بەداخەوە ئێستا وەک پێویست ڕێز لە مامۆستا ناگیرێ**

لەبارەی هۆکارەکانی گۆڕانی ڕوانگەی خەڵك بەرامبەر بە مامۆستا (عومەر محەمەد) مامۆستای سەرەتایی کە ماوەی (٣٥) ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات دەڵێت:

لە ڕاستیدا هۆکارەکان زۆرن هەندێکی ئابوورین و هەندێکی دیکەیان پەیوەستن بە کەسایەتی و توانای مامۆستاکان و بەشێکی دیکەش بە گۆڕان لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو گوتی: ئەو وەزعە ئابوورییە خراپەی کە بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە لە ساڵانی ڕابردوو ڕووبەڕووی چینی مامۆستایان بۆوە، فاکتەرێکی بەهێز بوو بۆ لەدەستدانی پێگە و سەنگی ئەوان لە نێو کۆمەڵگە و دواتر ئەنجامنەدانی ئەو ئەرکە پەروەردەییەی لەسەرشانیانە وەك پێویست، مامۆستا (عومەر) باسی لەوەش کرد، کە هەندێ لە مامۆستایانیش هۆکارن و ناکرێ بەدوور بگیرێن، چونکە هەر بەپێی قسەکانی ئەو مامۆستایە، دەبێ کەسی فێرکارخودانی کەسایەتییەکی بەهێز بێ و ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێ و تەواو زاڵ بێ بەسەر ئەو بابەتە زانستییەی پێشکەشی دەکات، بەڵام بەداخەوە هەنووکە ڕێژەیەکی دیاریکراوی مامۆستایان ئەو مەرجانەیان تێدا بەدیدەکرێت، مامۆستا (عومەر) لە دوابەشی قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە پەروەردەی خێزان ئەوەندە سست و لاوازە وایکردووە، زۆرێك لەو پیرۆزی و بەهایانەی کە هەبوون خەریکە لەناو دەچن لەگەڵیشیاندا ڕێزو و پیرۆزی بۆ پیشەی ماموستایەتی.

**هۆکارەکان زۆرن هەندێکی ئابوورییە و هەندێکیش پەیوەستە بە کەسایەتی مامۆستا و پەروەردەی خێزانی**

**قوتابییەکی زانکۆ "مامۆستای وا هەیە لە زانکۆ (تحرش) بە کچان دەکات**



# هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوروپییەکان تا چەند بەردەوام دەبێ؟

دوای زیاتر لە (١٤) ساڵ ژیان لە هەندەران، دواجار (ڕەوا) بڕیاریدا خۆی و کوڕە تاقانەکەی بگەڕێتەوە کوردستان و واز لە ژیانی پەنا هەندەیی بهێنێ بە هەموو باش و خەراپییەکانییەوە، (ڕەوا) ئێستا لە ناوەڕاستی گرێی سێیەمی تەمەنی دایە ماوەی (٢٢) ساڵە گەڕاوەتەوە، سەرقاڵی دۆزینەوەی هاوسەرێکی نوێی ژیانییەتی، بەڵام دەڵێت: جارێکی دیکە هەڵەی وا ناکەم، ئەو جارەیان نەك هەر تەنها کچە عەرەب یا تورك ناخوازم بەڵکە جگە لە کچی شارەکەی خۆم بیر لەهیچ کچێکی دیکە ناکەمەوە فەشەل هێنانی (ڕەوا) لەیەکەم تەجرەبەی هاوسەرگیری ئەوەندە تاڵی و کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو جهێشتووە بۆیە بەم جۆرە بیردەکاتەوەو بڕیاردەدات، ئەو لەبارەی تەجرەبەی رابردووی دەڵێت: پاش ئەوەی لەگەڵ کچە ئەڵمانییەك بووینە هاوڕێ و لەیەکتری نزیك بووینەوە، بڕیاری هاوسەرگیریماندا، هەر لە سەرەتاوە پێم گوت من وەك کەسێکی رۆژهەڵاتی حەز لە جێگری و ژیانی هەتاهەتایی دەکەم، ئەو قسەکانی منی زۆر بەدڵ بوو گوتی: کچانی ئێمەش هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە حەز لە پیاوانی رۆژهەڵاتی دەکەن، بەڵام یەك داواکاریم هەیە ئەویش ئەوەیە لە منداڵ بێبەشم نەکەی، (ڕەوا) بەردەوام بوو گوتی: منیش ئەو بیرۆکەیەم زۆر پێ باش و راست بوو، چونکە واتێگەیشتم کە گەر منداڵ بکەوێتە نێوانمانەوە ئەوا تەواو وابەستەم دەبێ، بۆیە هەر ساڵ و نیوێك دواتر کوڕێکمان بوو، بەڵام ئەوەی هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد روویدا، چونکە منداڵەکەمان هێشتا (٤) ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو وردەوردە کەوتە ناڕەزایی دەربڕین و بۆڵەبۆڵ تا ئەو ئاستەی رۆژێك پێی گوتم: زۆر هەست بە ساردی دەکەم سۆزو عاتیفەی جارانم نەماوە بۆیە ((بمبورە ناتوانم بەردەوام بم لەگەڵت)) (ڕەوا) پێی وایەشێوەی پەروەردەو کەلتورو کرانەوەی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا بە شێوەیەکە کە زۆر بە دەگمەن نەبێ ژن و مێردی نەتەوە جیاواز ناتوانن هەتاهەتایە لەگەڵ یەکتری بەردەوام بن هەروەها ئەوەشی گوت: زۆرینەی ئەو

ئا: بێگەرد حوسێن

کوردە پەنابەرانەی ئەورووپا گەر لەبەر ئیقامەو بێ دەسەڵاتی نەبێ حەز ناکەن کچە ئەورووپی بێنن، چونکە باش دەزانن لە هەموو روویەکەوە جیاوازی بەرادەی ئاسمان و رێسمان لە نێوان ئێمە و ئەواندا هەیە.

- ئەمڕۆ بەهۆی کۆچکردنی سەدان هەزار گەنج و خانەوادەی کورد بۆ هەندەران و گیرسانەوەیان لە وڵاتانی ئەورووپا، تێکەڵاوی و بەریەککەوتنێکی بەرچاو لەنێوان کەلتوورو دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەو ئەواندا بەرچاو دەکەوێ، لە هەندێ حاڵەتدا تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گەیشتۆتە رادەیەك کە کوڕانی ئێمە کچی ئەوان بخوازن، هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەش، بێگومان هاوسەرگیری لەو جۆرە بەشێوەیەك لە شێوەکان واتەی کۆکردنەوەی دوو پەروەردەو کەلتورو عاداتی کۆمەڵایەتی جیاواز دەگەیەنێ لەژێر یەك سەقفی ژیاندا ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ لەسەر بەردەوامیدانی ژیانی هاوسەری و پەروەردەی منداڵ و چەندین لایەنی دیکە جێدەهێڵێ، لەو رووەوە مامۆستا ( جەودەت حەمە سەعید) دەڵێت: هاوسەرگیری لەگەڵ ئەورووپییەکان زێتر سیفەتی ناجێگری و بەردەوام نەبوونی تێدا زاڵە، ئەو پێی وابوو جیاوازییە هەمەلایەنەکانی نێوان ئێمەو ئەوان هۆکاری سەرەکی ئەو ناجێگیرییەن ئەمە وێڕای ئەوەی کەسایەتی رۆژئاوا هەر بە سروشت حەز لە گۆڕانی زووبەزوو و بەردەوام نەبوون لەسەریەك ریتمی ژیان دەکەن، بۆیە (جەودەت) دەڵێت: دواجار هەر منداڵ و کیانی خێزانی باجی ئەو شێوە هاوسەرگیرییە دەدات.

- کاتێك ئەو باسەمان خستە بەردەمی و پرسیاری ئەوەمان لێیکرد گوایە کوڕە گەورەکەی ژنێکی سویدی هێناوە قسەکەی پشت راست کردینەوەو گوتی: ئەوەندەی تەلەفۆنمان بۆ دەکردوو داوامان دەکرد بگەڕێتەوە کوردستان و ژنی بۆ بخوازین بەڵام ئەو پەسەندی نەدەکردو دەیگوت وەختی ژنهێنانم نیە تا ئەو کاتەی یەکێك لە هاوڕێکانی گەڕایەوە لەگەڵیداو (محەمەد)ی کوڕیشم چەند وێنە و دیارییەکی بۆ ناردبووین، پورە (بەسێ) گوتی: هەرچەند وێنەی بۆ ئێمە دەنارد ژنێك هەر لەگەڵیدا وەستابوو یان دەبینرا، ئێمە لێی بەگومان کەوتبووین بەڵام دەیگوت ئەمە سویدییەو هاوڕێمەو هاوکاریم دەکات لە کارکردندا، ماوەی چەند ساڵێك بەو شێوەیە تێپەڕی دواتر پێمان گوت: ژنت بۆ مارە دەکەین هەر دەبێ بێیتەوە بەڵام گوتی نامەوێ وخۆ بەزۆری نیە، ئەوەبوو وازمان نەهێنا تا ئاشکرای کردوو گوتی: خاوەنی کوڕێکم و ناوی (رێژیارە) باوکی نارازی بوو، چونکە بە نیاز بوو کچی براکەی بۆ بخوازێت.

- بە بۆچوونی ( کەرخی سەید) ژن هێنان لە بێگانەو ئەورووپییەکان خۆ دزینەوەیە لە هەندێ عادات و تەقالیدی ئێرە ئەو تووشی ئەو جۆرە ژنهێنانە بووەو دوای (٣) ساڵ دەستبەرداری یەکتر بوونە، بۆیە دەڵێت: وەختێك چوومە دەرەوە بەرێکەوت وای لێهات ماوەی چەند ساڵێك لە (ئەسینا) بمێنمەوە و لەوێ بەهۆی برادەرێکەوە بکەومە سەر کارێك سوتفە تووشی کچێك بووم کە زۆر رێزی لە من و هاوڕێکەم دەگرت و کچێکی باش بوو ئەوەبوو داوای لێکردم هەر لە (ئەسینا) بمێنمەوەو ژیانی هاوسەری پێك بهێنم و دواتر ئەوەشمان جێبەجێ کرد، ( کەرخی ) گوتی: زۆر ئاسوودە بووم لەگەڵیدا تا ئەو کاتەی لێکیش دابڕاین هیچ گلەییم لێی نەبوو، بەڵام هەندێ زرووف وایکرد من بگەڕێمەوە کوردستان، دایکی کچەکە نەیهێشت لەگەڵمدا بێت و داوای کرد پێش هاتنەوە وازی لێبهێنم، زۆر تکامان کرد سوودی نەبوو لێرەش داوایان لێدەکردم بگەڕێمەوە ئەوەبوو تەڵاقم داو گەڕامەوە و دوای ژن هێنانیش هەر خۆشمدەوێت.

- نموونەیەکی دیکەی ئەو لاوانەی لە دەرەوە لەگەڵ ژنە ئەورووپییەکان زەماوەندی هاوسەرییان ئەنجامداوە (کامەران محەمەد)ە ئەویش بەم شێوەیە باسی ژیانی خۆی هاوسەرەکەی بۆ کردین وگوتی: کاتێك ئێمە لەگەڵ خانەوادەکەم بانگێشت کراین بچین بۆ ئیسرائیل زۆر بەختەوەرانە رۆیشتین و لەوێ ژیانێکی نوێمان دەست پێکرد، رۆژ بەرۆژ ئاسوودەتر دەبووین، هەر لەو شارەی ئێمە تیایدا دەژیاین کارو پیشەیان بۆ دەستەبەرکردین دوای ساڵێك کە ساڵی (٢٠٠٠) بوو شەوی سەری ساڵ بۆ ئاهەنگ چووین لەوێ (ناتالیام) دیت و عاشقی بووم، ئەویش بەهامان شێوە منی خۆشویست، (کامەران) بەردەوام بووگوتی: دوای ماوەیەك داخوازیم کرد دیارە لەگەڵ دایك و باوك و خوشکێکی خۆی دەژیان، ئێستا (ناتالیا) وەکو ئێمە نوێژ دەکات و مانگی رەمەزانانیش بەرۆژو دەبێت، ساڵانە چەند مانگێك دەگەڕێینەوە ئیسرائیل ئەگینا هەر لە



●●●
**شوکردن بە بێگانە کارێکی هەڵەیە چونکە سروشت و کەسایەتی ئێمە لەگەڵ ئەوان زۆر جیاوازە**
●●●

●●●
**مەلا عومەر چنگیانی: ئاساییە کوڕێکی موسوڵمان کچێکی مەسیحی بێنێ، بەڵام پێچەوانەکەی رێگای پێنادرێ**
●●●

کوردســـتان دەژین و بەختەوەرین، ئێستا منداڵەکەمان لەلای دایکی ئەوە لە ئیســـرائیل. ئێمەش بەڵێنمان داوە تا کۆتایی ژیان بەیەکەوە بژین مەگەر خودا لەیەکترمان بکات.

( یەك چرکە ژیان لەگەڵ کچە کوردێك بە هەموو کچانی ئەوروپا ناگۆڕمەوە)

- ( مەریوان عەبدوولا ) جگە لەو چەند وشـــەیەی سەرەوە گوتیشـــی: هەموو کەسێك لە وڵاتی خۆیی و لە نێو کەسی خۆی بە سەنگە بۆیە من قەت ئامادەنیم نە خۆم نەکەسێکم ژنێکی ئەوروپی بهێنێت، (مەریوان )گوتی: هەتا شـــارەزای خاسیەت و تەبیعەتی ئەوانە دەبێت رووبەرووی چەندین حاڵەت دەبیتەوە ئاسوودەو بەختیار نابن دواجار گوتیشی: کۆمەڵگە بۆیە رێگە نادات کچەکانمان شوو بە ئەوروپی بکەن، چونکە ئایین رێگە نادات.

- دکتـــۆر (نافیـــع عەلائەدین)یـــش دەڵێـــت: زۆرجار کوڕەکانـــی ئێمە کە ژنـــی ئەوروپی دەهێنن کێشـــەیان بۆ دروســـت دەکەن، چونکە نازانن دەســـتووری ئەوان لەگەڵ ئێمە جیاوازەو قەت ماڵی نابێ، دکتۆر ئاماژەی بە چەندین حاڵەت کرد کە گەنجـــان پێوەی گیرۆدەن و گوتی: زۆرجار کـــە گەنجی ئێمە ئـــەو هاوســـەرگیرییە دەکات، تەماعی ماڵی دونیاو هەندێ شـــتی دیکـــەی هەیە هەندێ جاریش بـــە پێچەوانەوە، ئەو ئافرەتانە ســـوود بە ئێمـــە دەگەیەنن.

- خاتوو ( بەهرە ئیســـماعیل)یش گوتی: شـــووکردن بە ئـەوروپییەکان کارێکی ئەستەمە قەت بڕوا ناکەم ئەو سۆزەی کە بۆ هاوسەرێکی خۆمانە دەمانبـــێ بـــۆ کوڕێکـــی ئەورووپـــی هەمان بێت بۆیە من قەت تەقەبوولی ئەو کارە ناکەم.

- بەبۆچوونـــی خاتـــوو (تاقگە حەمید)یش ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە ماوەیـــەکی درێـــژ ئەوەشـــی بۆچەنـــد هۆکارێك گەڕانـــدەوە بۆیە دەڵێت: بیرکردنـــەوەی ئێمە لەکوێیە و بیرکردنەوەی ئەوان لەکـــوێ؟ تاقگە ئاماژەی بەوەشـــدا: کام پیـــاو دەڵێ زۆر رۆشـــنبیرە بێگومان بن کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی بەسەردا هەیە و لە تانووپۆی خەڵکی دەترسێت و ناوێرێ ئازادییەکـــی رەهـــا بـــۆ خانەوادەکـــەی دەســـتەبەر بکات، (تاقگە) گوتیشی: ئێستا رادەی قەیرەیی کچان لـــە زیادبوونە بۆیە هەق نیە کوڕانـــی ئێمە کچی بێگانە بخوازن و کچانی خۆمان فەرامۆش بکەن.

- هەروەها کۆمەڵنـــاس ( ژینۆ خدر) دەڵێت: ئەو لاوانەی ئێمە هەر پێیان لەو کوردستانە ئاوابێت لە خۆیان بایی دەبن و گوێ نادەنە عورف و عادات ئەگینا کەی کچێکی ئەورووپی لەگـــەڵ بیروبۆچوونی ئێمەدەگونجێ؟ (ژینۆ) گوتیشـــی: زۆرجـــار لاو دەیەوێت لـــەو کۆمەڵگەیە بێ بەری بێت ئینجا بەهـــەر جۆرێك بێت ئـــەوە لای گرنگ نییـــە چۆن چۆنی خۆیدەدزێتەوە هەندێك بەژنهێنان هەندێکیش بە نەگەڕانەوەیان بۆ کوردســـتان ئەوە دەسەلمێنن، بەرای من وەکو کۆمەڵناسێك ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ ماوەیەکی کاتییەو تاسەر نییە و لە ئاکامدا منداڵەکانیشیان تووشی گرفت دەبن لەبەر ئەوەی سروشـــتی ئەوان لەگـــەڵ پەروەردەکردنی ئێمـــە ناگونجێ و مەحاڵە.

- دواجـــار بەڕێز مامۆســـتا مەلا عومـــەر چنگیانی بۆ هەڵســـەنگاندنی رووە شـــەرعییەکەی ئـــەو بابەتە گوتـــی: شووکردنی کچێکی موسوڵمان بە کوڕێکی مەسیحی تا ئێستا کە قســـە زانایان رێگەی پێنادەن کە کچی موســـوڵمان شوو بەکوڕی مەسیحی بکات، مامۆستا مەلا عومەر گوتیشی: بە پێچەوانەوەش هەموو کتێبە فیقهییەکانمان باس لەوە دەکەن کە کچە مەسیحییەکان بۆیان هەیە مێرد بە کوڕی موسوڵمان بکەن، لە هاوچەرخەکاندا دکتۆر حەســـەن تورابی لە ســـودان تاکە کەســـە کە فەتوای داوە کچی موسوڵمان دەتوانێ شوو بە مەسیحییەك بکات ئەوە لەڕوانگە دینییەکەوە وەکو ئایین هیچ کێشـــەیەك نیـــە لەوەدا کە کوڕێکی موســـوڵمان چ لێـــرە یـــان دەرەوە لەهەندەران ئافرەتێك بێنـــێ کە خەڵکی ئەو وڵاتەبێ یان بەرەگەزیش خەڵکـــی ئەوێ بـــێ و لە ئایینیشـــدا مەســـیحی بێ، وەکو ئایین رێگری نیە بەڵام وەکو رووە کۆمەڵایەتییەکەی ئـــەوە شـــتێکی دیکەیە،ئایا ئەوان تاچەند دەتوانن لەگەڵ یەکـــدی ســـەرکەوتووبن، دواجار مامۆســـتا ئەوەشی گوت: وەکـــو رای تایبەتی خـــۆم هاندەری ئەوەم کە هەر کوڕێکی گەنجـــی خۆمان لەهەندەران بێتەوە کوردســـتان یان ژن لێـــرە بهێنی ئەگەرنا با لەوێ یەکتری بدۆزنەوەو پێکەوە زەماوەند بکەن، بەهەر حـــاڵ ئەگەر کوڕانیشـــمان ژن لـەئەورووپـــی بهێنـــن با کچەکانمان ئەو کارە نەکەن و ئێمەش لەگەڵ ئەوەدانین.



●●●
کۆمەڵناسێک:
ئەو هاوسەرگیرییە،
هاوسەرگیری کاتی پێدەڵێن
دواجار هەر منداڵ و خێزان
تێیدا زەرەرمەند دەبن
●●●

●●●
ژن هێنان لە ئەوروپییەکان
خۆ دزینەوەیە لە هەندێ
عادات و تەقالیدی ئێرە
●●●